# لە نێوان تێکستە شیعرییەکانی بێسارانی ( ١٦٤١ – ١٧٢٠ ) و مەولەویی تاوگۆزیدا ( ١٨٠٦ – ١٨٨٢ )

پ.ی.د. ئەنوەر قادر محەمەد/ زانکۆی سلێمانی/ کۆلیجی زمان

پێشەکی:

ڕاستە ئەگەر بۆ بنەوان و ڕەگی مێژوویی کۆنی بیری ئینتەرتێکستوالیتی- دەقئاوێزان بگەڕێینەوە، نەک هەر لە ئەدەبی ئەورووپاییدا بەڵکو لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی و کوردیشدا بەتایبەتی، نەک وەک میتۆدو بەرنامەیەکی داڕێژراو، بەڵکو وەک ئاماژەو بیرۆکەیەک لەملاو لەولا دەتوانرێ هەندێ نموونە بۆ ئەم ڕوانگە ئەدەبییە بهێنرێتەوە، بەڵام ئەوەی زۆربەی ئەدەبناسان لەسەری کۆکن و هیچ لارییەکیان لێی نییە، ئەوەیە بەشێوەیەکی بە بەرنامەو هەمەلایەنە ئەم بیرە لەلایەن زانای فەرەنسایی (بە بنەچە بۆلگار) یولیا کریستۆڤاوە لە ساڵانی (١٩٦٠)ەوە کراوە بە میتۆدێکی زانستی و ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر ئەم میتۆدە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا سوودی لێ وەردەگیرێت و بەکاردەهێنرێت. هەرچەندە بیروبۆچوون و دابەشکردنی جیاوازی چەمک و کاتیگۆریاکانی هەن، بەڵام هێڵە بنەڕەتییەکانی لە مەڵبەندە زانستییەکاندا سەلمێنراون و کاریانپێدەکرێت. یولیا کریستۆڤا لە نووسینەکانیدا بەتایبەتی بە سوودوەرگرتن لە کارەکانی فەیلەسووف و ئەدەبناسی ڕووس میخائیل باختین، بناغەیەکی پتەوی بۆ بۆچوونەکانی داڕشتووە، لە یەکێ لەو پێناسانەیدا ئاوا دەنووسێ: "ئەوەی کە مەودایەکی دینامیکی دەداتە بونیادگەری، چەمکەکەی م.باختینە دەربارەی "وشەی ئەدەبی" وەک نوقتەی بەیەک گەیشتنی ڕووبەری تێکستەکان، واتە دیالۆگی نێوان هەموو نووسینەکان: ئەوەی نووسەر، بۆ نێردراوەکە یان (کاراکتێرێک) و هەموو کۆنتێکستە کولتوورییەکانی ئێستاو ڕابووردووە، زیاتر لەوەی ئاماژەی (واتایەکی چەسپاو) بێ." (وشە، دیسکۆرس و نۆڤێل، ل٣٦). {٧، ل ١٦ – ١٧}.

هەر لەم ڕووەوە گراهام ئالین دەڵێ: "ڕۆلان بارت ڕای وایە کە وشەی دانەر، لە هۆشی دەگمەنی دانەرەکەوە ناخولقێنرێ، بەڵکو لە جێگای وشەکەوە لە سیستێمی زمانەوانیی کولتووریدا. دانەر دەوری کۆکەرەوە یان ڕێکخەری هەموو ئەگەرێکی {ئیحتیمالاتێکی} تێکستە پێشینەکانە لە سیستێمی زماندا. هەر وشەیەک، ڕستەیەک پەرەگرافێک تەواوی دەقێک، کە دانەر بەکاریاندەهێنێ و

شێوەیەکی ئەسڵی وەردەگرن، ماناکەشیان لە زاراوەی سیستێمی زمانەوە بەرهەمهێنراوە. ئەو دیمەنەی زمان کە ڕۆلان بارت لەم بۆچوونانەیدا دەریبڕیوە، ئەوەیە کە تیۆریستەکان لە سەردەمی نووسینی ئەو وتارەیدا زاراوەی ئینتەرتێکستوالیتیان بۆ بەکارهێناوە. {٢، ل١٤}.

ڕاستییەکەشی ئەمە هەر لەگەڵ بیری باختیندا یەکدەگرێتەوەو بەشێوەیەك جەختە لەسەر بیروڕاکانی ئەو.." باختین جیاوازی دیسکۆرسی دوو-دەنگی دەکات (مەبەستی ئەوەیە بلێ، ئەو ئاخاوتنەی لە خزمەتی بیری دوو ئاخێوەردایە، وەك ئەوەی دەدرێتە پاڵ ڕۆماننووس‌و کاراکتێرەکان)و هونەرە شیعری‌و ڕەوانبێژییەکان. دیسکۆرسی دوو-دەنگی لە ڕۆماندا، بۆنموونە irony (لاقرتی و قسەی بە تەوس، کردەی چاوەڕواننەکراوی چەرخی چەپگەرد) یان parody (لاساییکردنەوە بۆ گاڵتەجاڕی) ئەوەیە کە ئەو وەك دیالۆگی دوو جیهانبینی گریمانەی دەکا. تەنانەت بەکارهێنانی هونەرە شیعری‌و ڕەوانبێژییەکان، ئاخاوتن‌و زمانی بەوێنەی هەندێك (بلێ، وەك تاوانبارکردن) ئەمانەش زیاتر یارییەکی فۆرمالیستانەی تاکەکەسانی تایبەتن {واتە دیالۆگ نین}. گواستنەوەی ڕەوانبێژییانەی وشەی دانەر، لە ڕانانی دوو-دەنگی ناچێت‌و بەگوێرەی باختین، ناتوانێ ئەو دیمەنەی زمانمان بۆ بەرهەم بهێنێ کە بەیەکەوە مەودای کۆمەڵایەتی‌و تاکەکەسیش دەدات. ئەو وێنە- دیمەنەی کە دوو هۆش (زەین)ی زمانەوانیی پێویستە ڕابەر (نیشاندەر) بۆ بۆڕانراو (بۆ نیشاندراو) – ئەگەر زیاتر نەبێتە سامپڵێك (تۆزێك لە شتێك وەربگری بۆ تاقیکردنەوە)." {٧، ل١٦}.

ج.جینێت پێشنیازی ئەوە دەکات... کە پۆیەتیك لەوەیە بایەخ بە تێکستی (تاقەدانەر) نەدا، بەڵکو داکۆکی لە کاتیگۆریای ئارشیتێکست بکا، بۆنموونە: ژانر، تێما،...هتد کە سرووشتی هەموو دەقێکی تاکەکەس دەستنیشاندەکەن. ئەمە لە زۆر ڕووەوە هەوڵێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو دابەشکردنە {جێی مشت‌ومڕە} ئەورووپاییە سییانەییەی ئەدەب بۆ: لیریك، ئێپیك، دراما. تۆژینەوەکەشی پێناسەیەکی تازەی بۆ پەیوەندیی نێوان دەقەکان هێناوەتە ئاراوە.

ج.جینێت لە خوێندنەوەیدا بۆ چەمکی کریستۆڤا دەربارەی ئینتەرتێکستوالیتی، کە ئاماژەیە بە ئامادەبوونی بەرچاوو بەهێزی ئەدەبیی دەقێك لە دەقێکی تردا، جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە intertextuality زاراوەیەکی گونجاو نییەو پێشنیازی زاراوەی transtextuality (یان transe – بەزاندن‌و تێپەڕاندنی تێکستی) دەکات. مەبەستیشی هەموو شتێکە کە دەبێتە ڕایەڵی دیار یان شاراوەی تێکستێك لەگەڵ تێکستەکانی تردا. {٥، ل١} ئەوەی کە ئێمە لەم ڕەوتەدا تێی دەگەین‌و زاراوەی intertextuality بۆ بەکاردەهێنین.

ئێمە لێرەدا زۆر بەکورتی لە دابەشکردنەکەی ج.جینێت، دواتریش لەکاتی پراکتیزەکردنیدا لە هەر جۆرەو زیاتر دەدوێین‌و ڕوونی دەکەینەوە. ئەو ترانستێکستوالیتی بۆ میتۆدەکە بەگشتی بەکاردێنێ‌و ئینتەرتێکستوالیتی سنووردارەکاو تەنیا وەك کاتیگۆریای یەکەمی دابەشکردنەکەی بەکاردێنێ‌و زیاتریش تەرخانی دەکا بۆ دیاردەکانی وەك plagiary (دزینی ئەدەبی)، allusion (ئاماژە) citation یان quotation (تێهەڵکێشی) دەقی دانەرانی تر.

جۆرێکی تری ئەم دابەشکردنەی ج.جینێت paratextuality (پێداویستییەکانی تێکست)ە، کە

پەیوەندی بە ناونیشان، ژێر ناونیشان و نێوان ناونیشان، پێشەکی و پاشەکی...هتدەوە هەیە لەگەڵ ئەو وشانەدا کە دەربارەی سەرجەم تێکستەکە دەوترێن.

جۆری سێیەم – metatextuality (شرۆڤەی دەق) پەیوەندیی شرۆڤەئاسای بابەتەکەیەو ناوەرۆکێکی ڕەخنەگرانەی تێکستەکەیە.

جۆری چوارەمیان کە لە هەموویان گرنگترە لای ج.جینێت hypertextuality (لاساییکردنەوەی دەق) کە پەیوەندیی تێکستی B (hypertext) بە تێکستێکی پێشترەوە A (hypotext) دەردەخات بەشێوەیەك جیایە لە کۆمێنتار، بۆنموونە "ئێنیدا"ی ڤێرگیلیۆس و "یۆلیسیس"ی جیمس جۆیس هیپەرتێکستی هەمان هیپۆتێکست – "ئۆدیسا"ن. لە هەمووشیان سەرنجڕاکێش و پڕبایەختر ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییەیە کە دەربارەی گواستنەوەو لاساییکردنەوەیەو ج.جینێت زاراوەی palimpsests (الطروس)ی بۆ بەکاردێنێ کە مەبەست لێی ئەو بەردو لەوحە دێرینانەن، کە چەندجارێك شتیان لەسەر نووسراوەو سڕدراونەتەوە، بەڵام نووسینەوەی دووەم، سێیەم...هتد مانای کوت ومت نووسینەوەی جارێکی تری ئەو نووسینانەی پێشینە نین.{٥،ل٧}.

پێنجەمیان – architextuality (کۆکەرەوەی دەق)ە، کە لە هەموویان ئەبستراکترەو تێگەیشتنی سەختەو پەیوەندی بە کاتیگۆریا گشتییەکانی وەك: ڕۆمان، وتار، شیعر...هتدەوە هەیە.

بەکورتی و ڕوونی ج.جینێت هەمیشە خوێنەر لەوە وریادەکاتەوە، کە دەق یەکەی سەربەخۆو ڕەها نییە بەبێ ئەوەی هاوپەیوەند بێ و بەناویەکدا بچێ.

ئێمەش هەرچەندە لە تۆژینەوەکانی پێشترماندا بە شێوەیەکی تا ئاستێك فراوان ئەم میتۆدەمان بەکارهێناوە، بەڵام لەمەیاندا کە بۆ دەقئاوێزانی شیعری بێسارانی و مەولەوییە، هەوڵدەدەین کە میتۆدەکەی ج.جینێت بەکاربهێنین. دەمانەوێ ئەوەش بڵێین، کە دەربارەی خودی ئەم میتۆدە سەرنج و بیرو بۆچوون هەن، بەڵام بایەخێکی زۆریشی لەلایەن ئەدەبناسانەوە پێ دراوەو ئەوەی لە زەینی ئێمەشدایە خستنەکارییەتی لە مەیدانی ئەدەبناسیی کوردیدا. هەروەها ئەم میتۆدە ناوی "بونیادگەریی کراوە"شی لەلایەن خودی دانەرەکەوە لێ نراوەو زیاتر لە بۆچوونی دوابونیادگەرەکان و پەیڕەوکەرانی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەی ئەوروپاییەوە نزیکەو، – بە ڕای ئێمە – دەچێتەوە سەر میتۆدی ئەدەبناسانەی زانای ئەدەبناس و زمانەوانی زانکۆی تارتۆ – ئیسلاند، یوری لۆتمان، کە ئێمە چ لە نامەی دوکتۆراو چ لە تۆژینەوەکانی تریشدا پەیڕەومان کردووە، مەبەست لە بونیادگەرییەکی کراوەو تەواوکارانەیە کە لە چوارچێوەی تەسکی دەقدا قەتیس نامێنێ و کۆدەکانی تری ژیانیش دەخاتە خزمەت تۆژینەوەی دەقەکەوە.

سیستێمی کۆد بەکارهاتووە، واتە: ژمارەی یەکەم ئاماژەیە بۆ ناوی سەرچاوەکە لە لیستەکەدا، ل، بۆ لاپەڕەکە... دیوانی مەولەویی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و دیوانی بێسارانیی حەکیمی مەلا ساڵح لەم تۆژینەوەیەدا سەرچاوەی سەرەکیی دەقە شیعرییەکان و شرۆڤەکانیانن. لەبەر زۆر دووبارەبوونەوەی ئەم دوو سەرچاوەیەو بۆ ڕوونیی زیاتر، کە ئاماژەمان پێداوە لەباتی ژمارە هەر نووسیومانە: (مەولەوی، ل) (بێسارانی، ل). ژمارەیەك لەپێش بەیتە شیعرییەکانەوە نووسراوە،

ئەوە ژمارەی ڕیزبەندیی بەدوای یەکدا هاتنی بەیتەکانن لە تێکستە شیعرییەکاندا. تۆژینەوەکە لەم پێشەکییەو لە پێنج بەش‌و ئەنجام‌و ناوی سەرچاوەکان‌و کورتەی عەرەبی‌و ئینگلیزیی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە.

١. Intertextuality (ئینتەرتێکستوالیتی بەمانایەکی سنووردار)

یەکێکە لەو پێنج جۆرەی کە ج.جینێت لە دەقئاوێزاندا دیاریکردوون. گەلێ جار ئەم زاراوانە هێندە لێك نزیکن کە ئاوێتەی یەکدی دەبن‌و پێناسەو ئەرکیان لە یەکدی دەچن. ئەم جۆرەیان (allusion) ئاماژەو (quotation) تێهەڵکێش‌و هێنانەوەو (plagiray) دزینی ئەدەبی‌و...هتد دەگرێتەوە.

ئێمە بۆ کەرەسەی ئەم تۆژینەوەیە سەرجەم (٢٧) دوونموونەییمان لە شیعری هەردوو شاعیر هێناوەتەوە، بۆ ئەم بەشەیان (٧) دوونموونەییمان هەیە، دوونموونەی شیعرییان واتە: {شیعری (٨)، پیتی (ت)، ل (٩٤)ی دیوانی بێسارانی و غەزەلی پیتی (پ)ی ل (١٠٧ – ١٠٨)}ی دیوانی مەولەوی تێهەڵکێشی ئاشکران‌و لە یەکەمیاندا ئاماژەی پێ کراوەو لە دووەمیشیاندا تێهەڵکێشی نادیاری شیعری بێسارانییە لەلایەن مەولەوییەوە، بێسارانی دەڵێ:

٤– کەردەنم نە دۆش خەرقەی ڕەهبانان  کێشانم جاڕۆی دەوری بت خانان
٥– ئانە گشت جە وەخت نادانیم بییەن  فەسڵی سەرمەستی‌و جوانیم بییەن
٦– ئێسە ها جە گشت پەشیمانیم بەرد  فەصڵی پیریمەن، جەوانیم ویەرد
٧– وادەی پیریمەن، یاوانم نۆبە  نۆبەی تۆبەمەن، کەرەمدار تۆبە
٨– ئومێدم بە تۆن وەنەم نەگیری  بویەری جە جورم وادەی کەم ویری
(بێسارانی، ل ٩٤)

مەولەوی دەڵێ:

نە وات وێرانەی دڵ کە ڕۆ ئاوا  چەنی بەستەی فەرد بێساران ماوا:
"ئینە گرد جە وەخت نادانیم بی یەن  فەصل سەرمەستی ی جوانیم بی یەن"
"ئیسە ها جە گشت پەشیمانیم بەرد  وادەی پیریمەن جوانیم ویەرد"
"کۆچ دواییمەن، یاوانم نۆبە  نۆبەی تۆبەمەن، کەرەم دار، تۆبە!"
(مەولەوی، ل ١٠٧–١٠٨)

لێرەدا مەولەوی خۆی باسی بەیتەکانی بێسارانی دەکا، واتە لەو بابەتەیە کە شاعیر بە شانازییەوە شیعری شاعیرێکی تر دێنێ‌و نایشارێتەوە، ئەمەش خۆدانەپاڵ کەلەپوورێکی ئەدەبیی بەرزە، کە پەیوەندییەکی بەهێزی دەقئاوێزانە. هەر بەو سێ دێرەشەوە ناوەستێ کە مەولەوی تێهەڵکێشی کردوون، بەڵکو لەڕووی "theme – بابەت"یشەوە کەش‌وهەوای هەردوو شیعرەکە باسی پیری‌و نزیکبوونەوەیە لە مردن، هەروەها لەڕووی وەرگرتنی وێنەی هونەری‌و شێوازیشەوە لێك دەچن.

لەبەرئەوەی تۆژینەوەکەی ئێمە لە ڕوانگەی تایبەتەوەیەو نامانەوێ زۆر پەل‌وپۆی شیکارییەکە بڵاوببێتەوە، ئەینا لەڕووی زمان‌و وێنەی هونەرییەوە شیعرەکەی مەولەوی چڕوپڕترو بە سێبەرو

سەداو ڕەنگترە لەوەی بێسارانی.

بۆیە ئەو بۆچوونەی هەندێك لە زانایانی دەقئاوێزان، کە بایەخێکی ئەوتۆ بە "سەرچاوە"و "کاریگەری" نادەن، ڕێك لەگەڵ ئەم نموونەیەدا دێتەوە. مەبەست لەوەیە نابێ بەرهەمی هونەری تەنیا بە لادیمەن‌و ڕوویەك هەڵسەنگێنی. مەولەوی ئاماژە بە "پێشینە"ی خۆی دەکا، بەڵام لە پێکهێنان‌و نەخشاندنی مۆزاییکی دەقدا کێبڕکێی لەگەڵدا دەکا. سەیری ئەم وێنە زیندووانەی مەولەوی بکە: "ورديکلانەن دەروازەی هەستی، زانۆی ئۆمێدت ناوەرۆ ئەو لەرز، نەوا ت وێرانەی دڵ کە رۆ ئاوا...هتد".

لەلایەکی ترەوە شیعرەکەی بێسارانی هەندێ ئاماژەی کولتووری کەنیسەو ئاینی تێدایە، کە دوور نییە باس لە حیکایەتی "شێخی سەنعان" بێ، هەروەها سیمبۆلی "مەی" بە مەودای جیا.. بەڵام مەولەوی ئاماژەی بە کولتووری ئیسلامی کردووە. دیارە مەبەستمان نییە ئەمە بکەینە دیواری بەینیان‌و تەنیا لە کەرەسەو هەندێ وێنەی شیعریدا دەرکەوتووە، نەك ئاین‌و بیروباوەڕ، چونکە هەردوو شاعیر سەر بە یەك ئاینن، ئەمەش جەختە لەسەر دەوری کاریگەری دەوروبەرو قورسایی فەرهەنگیی – ژیاری – ڕۆشنبیری لە کۆکردنەوەی شاعیران‌و خەملاندنی دەقدا.

شیعرێکی تری بێسارانی هەیە: {پیتی (ی)، شیعری (٨) ل ٤٨١ – ٤٨٢} کە مۆتیڤی "خەم"و سکاڵایە لەدەست پەژارەو کێشەکانی ژیان‌و ڕۆژگار. بێسارانی تیشکۆی "خەم"ی کردووە، هەرچەندە ئەمە مۆتیڤێکی تەقلیدییە، بەڵام شاعیر توانیویەتی مشت‌وماڵێکی بداتەوەو گیانێکی نوێی بەبەردا بکا.. ئەم خەمی کردۆتە شتێکی بزواو و لەهەموو لایەکەوە بەوێنەی جوان ڕۆشنیکردۆتەوە.. بە پەڕەمووچێکی پلاستیکی، هاوئاهەنگی لە دەنگ‌و ڕەنگ، وشەو ڕستەکانیدا درووست دەکات‌و واتای خەم کە کۆدی باری دەروونیی شاعیرە، لە ئاستێکی پڕبەهادا دەخاتە ڕوو.. دیارە بە دووبارەکردنەوەی وشەی "خەم" بەشێوەیەکی وەستایانە، بیری خوێنەر – گوێگر بە تەواوی بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، بۆنموونە:

٤– دەرسم هەر خەمەن، هەر خەم مەوانوو غەیر جە خەم فیشتەر، هیچ نمە نانوو

٥– ئەصلی من خەمەن، جە خەم بیە نان بابۆی من خەمەن، خەمان ویە نان

٦– هەرکەس خەمبارەن بەیۆ جە لای من خەم چەنی خەمان زوو مبۆ ساکن

(بێسارانی، ل ٤٨٢)

مەولەوی هاتووە ئەم نیوە بەیتە: "خەم چەنی خەمان زوو مبۆ ساکن"ی وەرگرتووەو لە نیوەی دێڕی یەکەمیشدا خۆی دانی بەمەدا ناوەو دەڵێ: "بێسارانی یەن نە تۆی فەرد من"، کەواتە ئەم تێهەڵکێشەش ڕاستەوخۆو ئاشکرایە. بەڵگەیەکی تری خودی تێکستەکان ئەوەیە، بێجگە لە بابەتی شیعرەکان کە لە خەم و نیگەرانی و پیری دەدوێن، هەندێ وێنەن کە شیعرەکان لەڕووی شێوازیشەوە لەیەك نزیکدەخەنەوە، بێسارانی دەڵێ:

٢– قامەتم وە خەم، ڕێزەی خەم بییەن ڕۆحم وە خەمناك، نە قاڵب شییەن

ئەمە شیعرێکی تری مەولەویشی دەچێتەوە سەر کە پێشتر هێنامانەوە، مەولەوی دەڵێ:

١- پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن      تەعظیم جەناب پیری لازمەن

(مەولەوی، ل ١٠٥)

دیارە نموونەکە ئەو بەتانو پۆ ڕووچوونانە دەگەیەنێ کە بەتەنیا شیعرێکەوە ناوەستێو بەڵگەی تێکچڕژانێکی ئۆرگانیی بەرهەمی ئەم دوو شاعیرەیە. لەم دوو وێنەیەدا ناڕاستەوخۆو نادیارتر بێسارانی باسی چەمانەوەو پشت کۆمانەوە دەکا، بەڵام مەولەوی لە نیوە دێڕێکدا لەباتی چەمانەوە بە وێنەیەك دەڵێ: ناوچەوانم (تەوێلم) ئارەزووی چەمانەوەی بۆلای ئەژنۆم هەیە، شاعیر مەبەستی بەیتەکەی لە نیوە دێڕی دووەمدا وتووە کە دەبێ: ڕێز لە پیری بگرین، حاڵەتە ئاساییە فیزیکییەکەی "چەمانەوە"ی کردووە بە دابێکی مەعنەویو وەك ئەوە وایە، ئەو باڵای ڕاست بووبێت بەڵام هەر بۆ ڕێزگرتن لە پیری وا بکات.

مۆتیڤی "خەم" ڕووبەرێکی فراوانی شیعر بەگشتیو هی ڕۆژهەڵات و کوردی داگیرکردووە، بەتایبەتی لای شاعیرانی دیالێکتی هەورامی، هەر تەنیا بۆ نموونە، بڕوانە ئەم لاپەڕانەی دیوانەکەی مەولەوی: {٧، ١٩، ٢١، ٣٥، ٥٢٢...هتد}.

جا با بێینەوە بەلای مەبەستەکەی خۆمانەوە، واتە:

٦- هەرکەس خەمبارەن بەیۆ جە لای من  خەم چەنی خەمان زوو مبۆ ساکن (بێسارانی)

٧- بێسارانی یەن نە تۆی فەرد من           "خەم چەنی خەمان زوو مبۆ ساکن"

(مەولەوی)

بەگوێرەی ڕێبازی تۆژینەوەکەمان: دەقئاوێزان، ئەمە تێهەڵکێشێکی ئاشکرایەو شاعیری دووەم خۆی باسیکردووە، بەڵام بێجگە لەم تێهەڵکێشەو خەم و سکاڵا دەربڕین، هەر شاعیرەو وێنەو شێوازی جیای هەیە.. مەولەوی تەنیا ئەم نیوە دێڕەی تێهەڵکێش کردووە کە پێی جوان بووەو سڵی لەوەش نەکردۆتەوە کە لەبەردەم "پێشینە"کانیدا بە ڕێزەوە ئیکلام بکاتو شیعریان بهێنێتەوە، هەر ئەمە باوەڕ بەخۆبوونیشەو لاریی نەبوونە لە نەریتو بەهای ڕابووردوو.

بەڵگەیەکی تری ئەم تۆژینەوەیەمان نموونەیەکی تری شیعری بێسارانییە: {(٤١)، پیتی (چ)، ل١٧٣-١٧٤}و لای مەولەوی لە {ل (٥٥-٥٦)}ی دیوانەکەیدایە، لە ڕووی بابەتەوە خەمی دوورییە لای بێسارانیو مردنی عەنبەرخاتوونە لای مەولەویو لە گریانو بەتایبەتی لە وشەی "فرمێسك"دا تیشکۆ کراوەو چڕبۆتەوە، مەولەوی ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی کردووە بەوەی کە ئەم شیعرە هی شاعیرێکی ترە یان ڕەنگە هەر مەبەستی "فەرد"ی خۆشی بووبێ. بێسارانی دەڵێ:

٩- ناڵەم جە ئاڵەم ئایر خێزنا          ئەسرینم تۆفان (نوح) ئەنگێزنا

١٠- من وێنەی غەواص غەرقی خەمیدە          گێج بیم نە گێجاو تۆفانی دیدە

١١- چەنی ئاهی دەرد مەجنوون جە خاودا          هەر گێجم مەوەرد شەو نە گێجاودا

(بێسارانی، ل ١٧٤)

مەولەوی دەڵێ:

٢- بەڵام (مەعدووم) هەرس دیدەش جۆش وەردەن      ناعیلاج خامەش وە دەسگیر کەردەن

٣- پەلەپەل پێکان پەی وە خامەدا          یەك فەرد ڕەقەم کەرد وە ڕووی نامەدا:

٤- ئێسە دیدەی دڵ دێوانەکەی وێت          نە بێخ ئاودا مەگێڵو پەرێت

(مەولەوی، ل ٥٦)

بابەتی شیعرەکان هەمان بیرۆکەو کەش‌وهەوایان هەیە، ئەوەشی زیاتر ڕایەڵی پەیوەندیی نزیکییان دروستدەکات ئەم دوو بەیتەیە:

من وێنەی غەواص غەرق خەمیدە          گێج بیم نە گێجاو تۆفانی دیدە(بێسارانی)

ئێسە دیدەی دڵ دێوانەکەی وێت          نە بێخ ئاودا مەگێڵو پەرێت (مەولەوی)

هەرچەندە مەولەوی هێمایەکی نادیاری کردووە، بەڵام وەك تێهەڵکێشە ئاشکراکەی غەزەلی پێشوو نییە کە ناوی بێسارانی هێناوەو دەقاودەق بەیتەکانی تێهەڵکێشی ئەوەی خۆی کردووە. دیارە ئەمەش بە تێهەڵکێش دادەنرێ، چونکە دەناسرێتەوە.. دەبێ ئەوەش بوترێ، کە مەولەوی (تۆفانی نوح)ەکەی کردووە بە (بێخی ئاو) کە وێنەکە کۆنکرێتەو سرووشتییە، نەك مێژوویی – ئایینی وەك تۆفانەکە.. ئەمەش هەر خستنەسەرو داهێنانە کەواتە دەتوانین بڵێین، لە شیعری یەکەمدا مەولەوی (تێهەڵکێش)و لەوەی دووەمدا (ئاماژە)ی بەکارهێناوە.

لە دوو شیعردا: {بێسارانی، غەزەلی (٦٦)، پیتی (چ)، ل ٢٠٨-٢٠٩}، {مەولەوی، پیتی (ش)، ل ٢٩٩-٣٠٣}دا،.. نازانرێ بێسارانی شیعرەکەی بۆ کێ نووسیووە، گلەییە لە دۆستێك، بەڵام شیعرەکەی مەولەوی لە وەڵامی نامەیەکی گلەیی شێخی سیراجەددیندا نووسراوە، کە ئەم دووبەیتەی بۆ نووسیووە:

یا کاغەز بڕیان، یا مەڵا مەردەن    یا خۆ عارتەن دۆس وە یاد کەردەن

غەمگین مەنیشە غەم بدەر وە باد  فەڵەك نمازۆ کەس وە خاطر شاد

(مەولەوی، ل ٣٠٣)

ئەم شیعرە لەو لاپەڕانەدایە لە دیوانەکەی بێسارانیدا کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، شێخی سیراجەددین دیارە وەك تێهەڵکێشێك لە نامەکەیدا ئەم شیعرەی نووسیووە، مەولەویش بۆ ئەوەی داکۆکی لە خۆی بکات سەرلەنوێ هەردوو بەیتەکەی نووسیوەتەوە،.. کەواتە ئەمە دەبێتە دیاردەیەکی دەگمەن‌و دانسقە،.. بەڵام نە شێخی سیراجەددین و نە مەولەویش ناوی بێسارانی ناهێنن، بەلای زۆرەوە ئەم شیعرە ئەوەندە بەناوبانگ بووە، کە کەسیان پێویستیان بەوە نەبووە، ناوی بهێنن. ئەمەش بەگوێرەی هونەری تێهەڵکێش دەچێتە خانەی شیعرە هەرە جوانەکان‌و شاعیرە دیارو ناسراوەکانەوە، بۆیە ناوهێنانی خاوەنی شیعرەکە بە زیاد دەزانرێ‌و بازی بەسەردا دەدرێ، کەواتە تێهەڵکێشی بێ ناوهێنانی شاعیرە، ناشبێ بە ئاماژە چونکە هەردوو بەیتەکە دەقاودەق گوازراونەتەوە.

مۆتیڤی سکاڵا و گلەیی و نووسینی بە شیعر لەنێوان شاعیران‌و یان شاعیران‌و ئاشناو هاوڕێیانیاندا زۆر باو و تەقلیدییە،.. بەڵام جۆرە پەل‌وپۆیەکی بەوێنەی شیعری‌و دەربڕینی سۆزی گەرموگوڕی دۆستانەی وای تێدایە لەلایەن هەردوو شاعیرەوە کە تەڕوبڕی‌و چێژێکی تایبەتیی دەداتێ، ئەوە مەولەوی خۆ جۆرە تەوازوعێکی وای لەبەردەم شێخدا نواندووە، کە لێوان لێوی ناسکبێژی‌و زاراوەی فەلسەفی‌و ئاینی‌و هونەرییە.. لەڕاستیدا شیکاریی شیعرەکەی مەولەوی خۆی توێژینەوەیەك هەڵدەگرێ، بەڵام ئاشکرایە ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە شتێکی ترە..

بێسارانی‌و مەولەوی هەریەکەو شیعرێکیان هەیە کە گفتوگۆو دواندنی شاعیری گەورەی ئێرانی حافزی شیرازییە (١٣٢٥ – ١٣٨٩)، ئەوەی بێسارانی لە {پیتی (ح)، غەزەلی (١)، ل٢٢٨}و ئەوەی مەولەویش لە {پیتی (ڕ)، غەزەلی (٢)، ل٢٦٠} دان.

شیعرەکەی بێسارانی ئەم (٦) دێڕەی خوارەوەیە:

١- حافظ باحیثی شاخی نەباتت — بە نۆشیدەی جام جورعەی مەماتت

٢- بە هەوای گوڵ گەشت سەیری (موصەلا)ت — بە ئاب (روکناباد) سەرچەشمەی حەیات

٣- بە (لسان الغیب) سینەی پڕ جە دوڕ — مایەی دڵ جە گەنج، بەحری مەعنا پوڕ

٤- جەوساوە قیبلەم جە من دوورکەفتەن — سەرتاپای باڵام ئالوودەی نەفتەن

٥- فالی (وصف الحال) ماوەرە پەرێم — موناسیب بە حاڵ جەستەی خەستەی وێم

٦- هەر شەو جە ئاسمان قەبرت پڕنوور بۆ — دیدەی بەد جە شاخ نەباتت دوور بۆ

(بێسارانی، ل ٢٢٨)

ئەمەش سەرەتای شیعرەکەی مەولەوییە:

١- ڕا جەعفەرئاباد سارای گەرم مەیل — مەنزڵ شیراز شار سەودای عەشق لەیل

٢- دەس‌وديم وە ئاو روکن ئاباد شەوق — ئیمام میحراب سەر مصلای ذەوق

٣- خواجەی سەر حەڵقەی بەزمەکەی (ألست) — دەماخ وە نەشئەی بادەی فەنامەست

٤- خەیلێوەن ئازیز، شای نەونەمامان — پەی شیفای زامان نامەش نەیامان

...

١٨- یەك غەزەل مەطلەع (مژدە ئەی دڵ) بۆ — باوەر بەڵ پەی دڵ تەسکین حاصڵ بۆ

(مەولەوی، ل ٢٦٠، ٢٦٣)

لێرەدا دەقئاوێزان سنووری زمانێك، ئەدەبێك تێدەپەڕێنێ بۆ دووان،.. هیچ گومانێك نییە کە مەولەوی شاعیرێك بووە کتێبی بە شیعر "الفوائح"ی بە زمانی فارسی نووسیوە، واتە، دەکرێ ئەوەش بڵێین کە مەولەوی ڕاستەوخۆ خۆی لەگەڵ حافز دواوە، بەڵام بێسارانی پێش ئەو ئەم زاراوەو کۆدانەی وەك "ئاماژە" لە شیعرەکەیدا بۆ سازدانی گفتوگۆ لەگەڵ حافزدا هێناونەتەوە. بەتایبەتی هەوڵی گرتنەوەی دیوانەکەی حافزی داوە، بێ ئەوەی هیچ غەزەلێکی حافز دیاریبکات، بەڵام مەولەوی غەزەلی "موژدە ئەی دڵ"یشی دیاریکردووە:

"مژده ای دل" که مسیحا نفسی می آید

که از أنفاس خوشش بوی کسی می آید (مەولەوی، پەراوێزی ل ٢٦٣)

هەردوو شاعیر بەشێوەی "ئاماژە" سوودیان لە شیعری حافز وەرگرتووە.

لەڕووی بابەتو ناوەرۆکەوە شیعرەکەی بێسارانی بۆ دۆستێك، ڕەنگە ئافرەتێك نووسرابێ، هەرچەندە ناتوانین لەم مەودا دنیاییەدا قەتیسی بکەین، چونکە وێنەی وەك: "سینەی پڕ جە دوڕ، مایەی دڵ جە گەنج، بەحری مەعنا پوڕ، هەر شەو جە ئاسمان قەبرت پڕ نوور بوو...هتد"ی بەکارهێناوە. ئەم زاراوانە بەلای مەعنەویاتدا زیاتر دەڕۆن تا مادییات. ئەو زاراوەو ناوی شوێنانەی هەردوو شاعیر بەکاریانهێناوە لەیەکەوە نزیکن، هیچ سەیریش نییە، چونکە مۆتیڤەکانیان یەکن. کەواتە تەنانەت ئەگەر مەولەوی ڕاستەوخۆش لە حافزەوە وەریگرتبێ، ئەوا لە تەرازووی مێژوویيدا دەبێتە ئاماژەیەك کە بێسارانی پێش ئەو کردوونی:

حافز ⟵ بێسارانی ⟵ مەولەوی

هەرچەندە ئەگەر ئاواش بووبێ: حافز ⟵ مەولەوی.. شاراوە نییە کە مەولەوی ئاشناو هەواداری شیعری فارسیو بەتایبەتی شیعری حافز بووە، هەروەها بێسارانیش.

وێنەو دەربڕینو کۆدەکانی هەردوو شاعیر ئەمانەن:

بێسارانی – شاخی نەبات، نوشیدەی جام جورعەی مەمات، موصەلا، روکنابادی سەرچەشمەی حەیات، (لسان الغیب)ی سینەی پڕ جە دوڕ، فاڵی وصف الحال...هتد.

مەولەوی – جەعفەرئابادی سارای گەرم مەیل، مەنزڵ شیراز شار، روکنابادی شەوق، مصلای ذەوق، خواجەی سەرحەڵقەی (ألست)، دەماخ وە نەشئەی بادەی فەنامەست،...هتد.

ئاخۆ ئەمە ئەوە نییە کە هارۆڵد بلووم پێی دەڵێ "سۆزی کاریگەری"...: "شیعر نامۆییو دڵەڕاوکەی کاریگەرییە، حاڵی نەبوونو گوێ پێ نەدانە، مەشقو خۆفێرکردنێکی یاخییانەیە. شیعر لێ تێنەگەیشتنو بە هەڵە تێگەیشتنە، یەکگرتنێکی نەگونجاوە". {٤، ل٩٥}.

یان ئەم دوو شیعرە بەتایبەتی ئەوەی مەولەوی کە ئەزموونێکی قووڵو بەرەو دنیای دەنگو ڕەنگ پەلهاویشتووە بۆ نزیکبوونەوە لە بەهای فرەواتاییو والایی، دەبێ هەر بە لێکچوونی چەند زاراوەو وێنەو لادیمەنێك بنرخێندرێ؟! ئەی چی بکەین لەگەڵ ئەم وێنە ناوازەو داهێنراوانەی مەولەویدا، کە هەندێکیشیانمان لەسەرەتادا هێنانەوە، مەولەوی دەڵێ:

یادش گوزەرگای دڵ جە ویر بەردەن
مەیلش ڕای خاتر فەرامۆش کەردەن

وێنەی ئەوەی وەك:
(یادی – مەیلی) ڕێبوارێ بن مەولەوییان لەبیرچوویێتەوەو پشتگوێیان خستبێ – واتە – ئازیز – شێخی کامڵ
(مەولەوی، ل ٢٦١)

یان ئەم وێنەیە:

نە دارۆ تاقەت تەحریرم خامەش
مەپێچۆ وەهەم جە دەردم نامەش

قەڵەم توانای نووسینی نییەو کاغەزیش لە دەرداندا لوول دەخوا.
(مەولەوی، ل ٢٦٢)

**یان ئەمەیان:**

**خاترم یەند خار مەینەت ها تێشدا — دڵی شاعیر پڕ دڕك‌و داڵی مەینەتەو پێی مەیل**

**پای مەیلش زەحمەت بۆیەرۆ پێشدا — یارای نییە پێیدا تێپەڕێ...**

**(مەولەوی، ل ٢٦٢)**

**کەواتە ڕابەران‌و داهێنەرانی بیری ئینتەرتێکستوالیتی باش بۆی چوون، کە پێیان وایە، ئەم جۆرە ئەزموونە شیعرییانە وەها داڕێژراونەتەوە، کە زەحمەتە بەهاو ئاستی هونەرییان بەتەنیا "سەرچاوە، کاریگەری"، بنرخێندرێن.. ئەمە کێبڕکێ‌و لە مۆزاییکی دەقدا بەشداریکردنە، وەك ئەم دوو شاعیرەو بەتایبەتیش مەولەوی لە ئاستێکی بەرزی داهێناندا کردوویەتی.***

**پێشتر دوو نموونەمان بۆ تێهەڵکێش هێنایەوە، لەم دوو شیعرەشدا بێسارانی: {پیتی (ن)، غەزەلی (١)، ل ٤٣٢ – ٤٣٧} و شیعرێکی مەولەوی: {پیتی (پ)، غەزەلی (٢)، ل ٩٤ – ٩٩} هەمان شت هەیە.**

**ئەم دوو نموونەیە لەسەر بنەمای "جووتەدژ" دامەزراون، چەمکی "جووتەدژ" لەنێوان دووشت، دوو زاراوەدا دەبێ، بۆنموونە: سەر – ژێر، ڕاست – چەپ...هتد ئەمە چەمکێکی گرنگی بونیادگەرییە کە ئەم جۆرە جیاوازییە لە هەموو زمان‌و بیرێکدا بە بنەڕەتی دەزانرێ. {٣، ل٢٧}.**

**زۆربەی بەیتەکان لەم نموونەیەدا کەرەسەی سازاندنی وێنەی شیعریی نیشاندانی ئەم چەمکەیان بۆ کۆکراوەتەوەو بەشێوەیەکی بەرزی هونەری‌و ناسکبێژی دەربڕدراون. ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە زیاتر، تێهەڵکێشی وێنەیەکی تەقلیدی‌و باوی شیعری ڕۆژهەڵاتە کە لای بێسارانی هەیەو مەولەوی دووبارەیکردۆتەوە، بێسارانی دەڵێ:**

**٣- گوڵ جە گوڵستان بێ خار نمە بۆ — بولبول جە عەشقش بێزار نمە بۆ**

**(بێسارانی، ل ٤٣٢)**

**مەولەوی دەڵێ:**

**١٨- گوڵ عادەتشەن بێ خار نمە بۆ — گەنج ڕەویەشەن بێ مار نمە بۆ**

**(مەولەوی، ل ٩٨)**

**پێش بێسارانیش لە شیعری فارسی‌و کوردیدا ئەم وێنانە هەبوون، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ڕەوتی مێژوویی ژیانی ئەم دوو شاعیرە، با مەولەوی ئاگاداریشیان بووبێ، هەر بێسارانی دەبێ بە "پێشینە"، هەرچەندە مەولەوی وێنەیەکی تەقلیدیی هاوواتای بۆ زیادکردووە: "گەنج ڕەویەشەن بێ مار نمە بۆ"... کەواتە لەم حاڵەتەدا هەر بە تێهەڵکێشی شیعری بێسارانی دەژمێردرێ.**

**شایانی باسە، بێسارانی داهێنەرانە لە نیوەدێڕی دووەمدا لە کەرەسەی تەقلیدی وێنەیەکی چڕی بە مەودای بە لابردنی هەندێ وشەو دووبارەنەکردنەوەی – نەخشاندووە: بولبولی هێناوەتەوە کە**

---

* لەو غەزەلەی حافزدا بێجگە لە باسی (فال و فریادرسی)، هیچ ماك‌و تارمایی وێنەکانی تری حافز لای بێسارانی‌و مەولەوی نابینرێن. بڕوانە: {١٠، ل ٨٠٢ – ٨٠٥}.

لە عەشقی گوڵ بێزار نابێ با دڕکیشی هەبێ. تەنانەت دڵگیرترە لە هێنانەوەی وێنەی دووەمی نیوەدێڕی دووەم (واتە بەیتی– ١٨) کە هەر لە ڕیزکردن دەچێ.

بێجگە لەمە دەبێ لە چەمکی "دووانەی دژ، بەرانبەر" بدوێین، با لە شیعرەکەی بێسارانییەوە دەست پێ بکەین. سەیری ئەم جووتە دژانە بکە کە سەرجەم بونیادی شیعرەکەیان، وەك دوو جەمسەر پێکهێناوە:

جەفا – صەفا، گوڵ – خار، مەجاز – حەقیقی،...هتد {بێسارانی، ل ٤٣٢ – ٤٣٣}.

هەروەها لای مەولەوی:

صەنەم – صەمەد، گوڵ – خار، گەنج – مار...هتد {مەولەوی، ل ٩٤ – ٩٥}.

بەکارهێنانی ئەم جۆرە هونەرە بەڵگەی شارەزایی و کارامەییە لای ئەم دوو شاعیرە کە لەڕووی ڕۆژگاری ژیانەوە– وەك وترا– بێسارانی بە "پێشینە"و مەولەوی بە "دوایینە" دادەنرێن. ئەمەش گۆشەنیگای هارۆڵد بلووم دەسەلمێنێ، کە دوایینە چەندێ باوەڕی بە توانای هونەریی خۆی هەبێت، بەڵام هەر سۆزێکی بۆ شاعیرانی داهێنەری پێش خۆی هەیە.. لە شیعری ئینگلیزییدا بۆ شاعیرێکی "پێشینە"ی وەك جۆن میلتۆن کە خۆی کاریگەریی ڤێرگیلی لەسەربووەو ڤێرگیلیش هی هۆمیرۆس، ج. میلتۆنیش کاریگەری لەسەر شیعری شاعیرە ڕۆمانتیکە داهێنەرەکانی وەك بلیك و شیللی و کۆلریدج و کیتس هەبووە. {١، ل ١٢٤ – ١٢٥}.

دوانموونەکانی ئەم چەردە شیعرەمان کە بۆ جۆری یەکەمی دابەشکردنەکەی ج.جینێت دەیانهێنینەوە، چەند شیعرێکی تری هەردوو شاعیرە کە سیمبۆلێکی شیعری ڕۆژهەڵات کۆیاندەکاتەوەو زیاتر لە مەودای (allusion – ئاماژە)دا دەسووڕێتەوە، ئەویش بەکارهێنانی زاراوەی (عەنبەر)ە لەگەڵ: "زوڵف، خاڵ...هتد"ی جوانییەکانی ئەندامی لەشی ژندا. عەنبەر لەڕووی فەرهەنگییەوە: "گیای درەختۆکەیەکە کە بۆنی خۆشی لێ دەردەهێنرێ". {١١، ل١٥٧٩}.

بێسارانی بەلای کەمەوە، لە سێ شیعریدا لە: {پیتی (ش)، غەزەلی (١٠)، ل ٣٥٦ – ٣٥٧، پیتی (ش)، غەزەلی (١١)، ل ٣٥٨، پیتی (ش)، غەزەلی (١٥)، ل ٣٦٤}دا وشەی "عەنبەر"ی جارێك لەگەڵ وشەی "خاڵ"و دووجار لەگەڵ "زوڵف"دا بەکارهێناوە، دەڵێ:

٢– زوڵف ئەشەدکلاف خالان عەنبەر بۆ چوون بێ بەینەت بیت بێزیام جە تۆ

(بێسارانی، ل ٣٥٦)

٦– ئەو بەتایی زوڵف سیای بۆ عەنبەر بەند کەردەن گیانم تا بە ڕۆی مەحشەر

(بێسارانی، ل ٣٥٨)

٦– ئەگەر مزانی زوڵفان عەنبەر بۆ بێ شەرطی خاسەن، تۆ کەردەن بە خۆ

(بێسارانی، ل ٣٦٤)

دیارە زوڵف لە بۆن خۆشیدا چووێنراوە بە عەنبەرو لای بێسارانی هەر لە چوارچێوە تەقلیدییەکەدا ماوەتەوە.

بەڵام لای مەولەوی وشەی "عەنبەر" ئاوازەو مەودایەکی تایبەتی هەیە، چونکە هاوسەرەکەی

(عەنبەرخاتوون)ی ناوبووە. بۆیە لە لاواندنەوەکانیدا شاعیر پەل‌وپۆیەکی واتایی هەمەڕەنگ بەم وشەیە دەدات، کە تەنانەت دەچێتە ئاستی پیرۆزییەوەو دەڵێ:

٢- لانەی حەڵقەی زوڵف عەنبەربۆی شەوڕەنگ   هام دەم جای تەنگ ئەڵحەد سەرای سەنگ

١٣- موات فیداش بام یە جای شیرینەن   گوزەرگای ئەو شۆخ زوڵف عەنبەرینەن

١٦- جەو سەردەشتەوە گوڵاو ڕێزان کەرد   سارای بۆ عەنبەر سارا هەرزان کەرد

(مەولەوی، ل ٢٠٥، ٢٠٧)

یان:

٨- تای بەڕەزای شەنگ عەنبەربۆی شەوڕەنگ   پەخش بی نە ڕووی تاش ئەڵحەد سەرای سەنگ

(مەولەوی، ل ٣٨٤)

١٤- نەشئە دەر دەمێ، بەزم ئارا جەمێ   عەنبەر پەرچەمێ، پەرچەم وە خەمێ

(مەولەوی، ل ٤٨٤)

٤- بۆی (عەنبەر) نە تۆی دەماخم دوورکەرد   فرسەتش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد

(مەولەوی، ل ٤٥ – ٤٦)

مەولەوی لە نموونەی یەکەمدا کە لاواندنەوەی عەنبەرخاتوونە، وشەی عەنبەری لە وێنەی جیادا بەکارهێناوە. وێنەی بۆنی زوڵفی هاوسەرەکەی لە گۆڕی تەنگو تاردا، ژیان – مردنی هێناوەتەوە یاد، کە هەرچەندە دژوارە ملی بۆ بدەین، بەڵام یاسای سرووشتەو چاریش نییە، ئەم وێنەیە لەسەر بنەمای دوودژ، پێکهاتووە، لە شوێنێکی تردا، عەنبەرخاتوون بە بەهاوە بەرزدەبێتەوەو لەوێوە ساراو هەردەکان لە بۆنی خۆی پڕدەکا، کە ئاماژەیە بۆ بیری "یەکێتیی بوون"و بڵاوبوونەوەی جوانیی ئایدیاڵی بە ژیانو سرووشتدا.

لە بەیتی (٨)ی نموونەی دووەمیشدا کە هەر بابەتی لاواندنەوەیە، بۆ مەرگی ژنێکە (ئەمنەخانی کچی قادربەگی کەیخوسرەوبەگ) دیسانەوە جوانیو مەرگ وەك دوا نوقتەی بەرزی بەها یەکدەگرنەوە.

لە نموونەی سێیەمیشدا: "عەنبەر پەرچەمێ" کلێشەی دووبارەبووەوەی شیعری تەقلیدییە بۆ وەسپی زوڵفی ژن.

بەڵام لە دوانموونەدا، باڵای (عەنبەرخاتوون) لە وێنەیەکدا بەرجەستە دەکات، کە لووتکەی بەکارهێنانی ئەم وشەیەیە لای مەولەوی لەڕووی ڕەنگو دەنگو سێبەردانەوە بە وێنە سیمبۆڵەکە.

ئێمە دوای ڕانانی ئەم نموونانە دەگەینە ئەنجامێك، کە مەرج نییە هەر شاعیری "پێشینە" هەمیشە لووتکە بێو پەڕەمووچی داهێنانی کارامەتربێ، بەڵکو جاری وا هەیە، وەك ئەم حاڵەتەی ئێمە نیشانماندا، دواییینە لەوی تێدەپەڕێنێ.. تەنیا ئەوە هەیە کە ئەمە هونەری ئاماژەیەو مەولەوی بۆ شیعری بێسارانیی کردووە.

۲. Paratextuality

(پێداویستییەکانی تێکست) – ئەو شتانەی هاودەمو لەگەڵ تێکستەکاندان

جۆری دووەمی دەقئاوێزان لای ج.جینێت پاراتێکستوالیتییە، بۆ ئەم جۆرەیان (٥) نموونەی شیعرییمان لە شیعری هەردوو شاعیر هەڵبژاردووە. با لەپێشدا پێناسەی بکەینو دوایی هەوڵبدەینو بزانین ئاخۆ لەگەڵ نموونەکانی ئێمەدا دێتەوە.

ج.جینێت دەڵێت: "پاراتێکست ئەو ڕەگەزانە دەستنیشاندەکات کە لە ئاستانە (threshold)ی تێکستەکەدان، کە یارمەتیی خوێنەر دەدەن لە جڵەوگرتنەدەستو پێناسەکردنو ئاراستەکردنی تێکستەکەدا. ئەم ئاستانەیە لە (peritext) (ئەوەی نووساوە بە تێکستەکەوە)، کە لە هەندێ ڕەگەزی وەك: ناونیشان، بەش، پێشەکی، تێبینیو پەراوێز پێکدێ، هەروەها لە (epitext) (دەری تێکستەکە) کە ڕەگەزەکانی وەك: گفتوگۆ، نووسینی بڵاوکراوە، پێداچوونەوەی ڕەخنەگران، نامەی شەخسیو موناقەشەی دانەرو نووسەران کە لە دەرەوەی خودی تێکستەکەوەن. پاراتێکست کۆی پێریتێکستو ئێپیتێکستە. {۲، ل ۱۰۳}.

ئێمە لەم جۆرەیاندا باس لە (peritext) دەکەین، چونکە مەبەستمان نموونەی شیعری هەردوو شاعیرەو ناچینە سنووری دەرەوەی تێکستەکان (epitext).

پێشەکی دەبێ ئەوە بڵێین، کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی بێسارانیو مەولەوی بێ ناونیشانو هەر نیوەدێڕی یەکەم بۆیان بۆتە ناونیشان، یان هەندێ وشەو کۆدی وا هەن کە یارمەتییەکی زۆری تێگەیشتنی تێکستەکان دەدەن، بۆ نموونە وەك ڕووی دەمی گفتوگۆکردن لە کەسێك (خۆشەویستێك) وەك لای بێسارانی کە لە گەلێ شیعریدا ڕووی لە (چراغ..)ە، یان مەولەوی (ئازیز) بەکاردێنێ، یان ناوی جەژنەکانی وەك "قوربان...هتد" هێنان لای هەردوو شاعیر. بێگومان خۆی هەر "قوربانیدانو جەژنی قوربان" کۆمەڵێ هێماو ئاماژەی تێدایە کە ڕەگێکی قووڵی ئاینیی هەیەو لە ئاینە ئاسمانییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکەی حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕیو مێژوویەکی دێرینتریش.

ئەوە لە پێناسەکەدا هاتووە، کە پاراتێکست دەستگرو چاوساغی خوێنەرە بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ تێکستەکە. ئەو سیمبۆڵو زاراوە مێژوویيو ئاینییانە لە یادەوەرییو هۆشی بەکۆمەڵی خەڵکدا هەن و لە چەند ڕوویەکەوە بەرجەستەی بیری دەقئاوێزانن، بەڵام ئێمە تەنیا لەم گۆشەنیگایەوە بۆی دەڕوانینو ڕوونیدەکەینەوە.

وتمان گەلێ شیعری بێسارانی بە ڕووی دەم کردنە "چراغ" دەست پێ دەکات، یان جەژنی قوربانو قوربانیکردن. بێسارانی لە دوو شیعرداو مەولەویش لەم نموونەیەدا، کە ئێمە دواتر دەیهێنینەوە، ئەمەیان کردووەو دەچێتە چوارچێوەی پاراتێکستوالیتییەوە، چونکە "ناونیشان" کاریگەرەو تێکستەکان دەداتە بەر ڕۆشنایيو ڕێنوینیی خوێنەر دەکا، ئەمانە نموونە شیعرییەکانن:

بێسارانی دەڵێ:

۱- چراغ قوربانەن... ئینە عیدی نۆ جەژنی قوربانەن

۲- زەمزەمەی تەوحید ڕای حاجیانەن قوربانی قوربان ئەمری

صوبحانەن

٣- داراو نەدارا مسکێن‌و دەروێش          هەرکەس مەکەرۆ قوربانیی پەی وێش

٤- تویێچ ئەمن بەرە بۆ قوربانی گاه          قوربانیم کەرە چوون خلیل الله

(بێسارانی، ل ١٣٦ – ١٣٧)

یان:

١- چراغ قوربانەن قوربان نیەنان          غەیر پەی تۆ پەی کەس قوربان نیەنان

٢- دیدەم نیگەران تیغی دەست تۆن          ئەرواحم جۆیای کوشتەی قەستی تۆن

٣- پەی تیغت جە هوون، مەوجەن دەروونم          بێ تیغت ڕەوان نمەبۆ هوونم

(بێسارانی، ل ١٣٩)

وەك ج.جینێت ڕوونیکردۆتەوە، ڕێگای جیاواز بۆ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەم جۆرە دەقئاوێزانە هەیە. ئەوەی پەیوەندیی بە ناونیشانەوە هەیەو لە باسەکە دەدوێ، پێی دەوترێ (thematic) هی باس، بابەت‌و (rhematic)یش ئەو شێوازەیە کە تێکستەکە دەیگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی‌و پێکانی مەبەستەکەی. {٢، ل ١٠٤ – ١٠٥}.

لەم نموونە شیعرییانەدا ناونیشان و باسەکە "جەژنی قوربان"ەو زۆر بەڕوونی سەرەباس‌و ناوەڕۆکی تێکستەکە دەردەخات، واتە لایەنی (thematic)ەکە، هەروەها بەو ڕەمزو دەربڕینانەی وەك: "زەمزەمەی تەوحید، ڕای حاجیان (دیارە مەبەست لە چوونە بۆ حەج بۆ مەککەو مەدینە)، قوربانیم کەرە چون خلیل الله، کە باسکرا، تیغی دەست تۆ، ئەرواح، هوون...هتد". کەش‌وهەوا شیعرییەکە سازدراوەو بە وێنەی شیعری هۆی وتن‌و مەبەستی شیعرەکە لە ئاستێکی هونەریدا خراونەتەڕوو.

ڕووالەتی دەرەوەی شیعرەکە باس لە داب‌ونەریتی جەژنی قوربانە. لە هەمووشی بایەخدارتر، لەڕووی هونەرییەوە ئەوەیە، شاعیر ئەم بۆنە ئاینییەی خستۆتە قاڵبێکی شەخسییەوە، ئەم دەبێتە قوربانیی خۆشەویستەکەی، هەرچەندە لە دوا ئامانجیشدا دەشێ هەر مەودا سۆفییەکە وەربگرێ‌و مەبەست لێی عەشقی ڕاستەقینەی خودایی بێت.

ئەی لای مەولەوی چۆن کەوتۆتەوە؟ دەڵێ:

قوربان! قوربانەن، جەژنەن، شادی یەن          دەس نە گەردەنەن، ڕۆی ئازادی یەن

هەی دەس بۆس بۆس دەس بۆس وەش نیگارانەن          خەیر، پابۆس پابۆس خاتردارانەن

کون کوشتی‌و باردێ ی گوڵ جەمینانەن          هەی سەر، هەی ئەرواح دڵ خەمینانەن

هەرکەس گیان وە کەف پەی نیگارێوەن          هەریەك قوربانی وەفادارێوەن

(مەولەوی، ل ٣٤٨)

لەسەرەتای شیعرەکەدا مەولەوی ناونیشان "قوربان"ی دیاریکردووەو بەپەڕەمووچی نیگارکێشێك ئەو دەنگ‌و ڕەنگ‌و دیمەنانەی وەك لەو نموونەیەی سەرەوەدا دیمان بە ئاوازەوە بۆ خەملاندووین. باسی ئەو قەرەباڵغی‌و ئاهەنگ‌و شادییەی جەژنی لە دەربڕینی شیعریی کورت کورت‌و پڕئاوازەدا کە لەگەڵ وردەکاریی بۆنەکەدا دەقاودەق ڕێکدەکەوێ، نیشانداوین.

لەم شیعرەی مەولەویشدا وەك ئەوەی بێسارانی هەم لەڕووی (thematic)و هەم لە هی (rhematic)ەوە، مەبەستی شاعیر بەدیهاتوون.. بەڵام مەولەوی تیشکۆی شیعرەکەی زیاتر کردووە، ئەمیش هەندێ زاراوەو کۆدی ئاینیی هێناوە، کە لە ڕاستیدا وەك ئەوانەی بێسارانی دەگەڕێنەوە سەر سەرچاوەیەکی کولتووریی گشتی – مەبەست ئاینە. کەواتە دەقئاوێزانەکە ئاوایە:

سەرچاوەی کولتووری – ئاین ⟵ بێسارانی ⟵ مەولەوی کە تەنانەت لەگەڵ مۆدیلی (hypertextuality)شدا ڕێکدەکەوێ: تێکستی (B) hypertext دەچێتەوە سەر تێکستی (A) hypotext.

مەولەوی وردەکاریی زیاتری ئەم جەژنەی نیشانداوە، کە لە داب‌ونەریتی کۆنی کوردەوارییەوە هاتوون وەك: "ڕشتنی چاوی قوربانی"، کە ئەم لەوێنەیەکی تازەدا بەکاریهێناوەو خەملاندوویەتی، شاعیر دەیەوێ: "بە سوورمەی گەردی کەوشەکانی یار چاوی خۆی بڕێژێ"، یان هاوارو بانگی (الله أکبر)و تیغ بەدەستەوە گرتن، هەروەها ناسکیی حاڵەتەکەی گەیاندۆتە ئەو ڕادەیەی کە ئەو شایانی بوونە قوربانی نییە، دەڵێ:

قوربانی مشیۆ جە عەیب بەری بۆ    فیدایی پەسند ڕای دڵبەری بۆ

ئەوسا بە خۆیدا دێتە خوارەوە:

تۆ پاشکستەی بەرد هەردەی دەرد    چەم کۆر مەینەت، تەن زایف، ڕەنگ زەرد

خەیاڵیت کەردەن جە ڕووی نادانی    چ لایق وە تۆن ڕوتبەی قوربانی

(مەولەوی، ل ٣٥٠)

ئەم دەقئاوێزانە کە لە ناونیشان‌و باسەکەو هەندێ کۆدی (peritext) پێکهاتووە، تەنیا لە شیعری (کوردی – هەورامی)داو لەنێوان بێسارانی‌و مەولەویدا نییەو دەچێتەوە سەر چیرۆکی ئاینی‌و داب‌ونەریتێکی دێرین‌و ڕەگ لە زەینی خەڵکدا داکوتاو "ئارکیتیپ"، بۆیە ئاساییە دوو شاعیری دیندار ئەگەر مەجازییش بێ، خۆیان بکەنە قوربانی. ئەگەر لای بێسارانی بکرێ ڕوویەکی دنیایی هەبێ، ئەوا لای مەولەوی بەتەواوی لە جوغزە ئاینییەکەی جەژنی قورباندا دەسووڕێتەوە، شیعرەکەی مەولەوی وردەکاریی هونەری‌و ناسکبێژیی زیاتری تێدا کراوە، وەك لە هەندێکی پێشتر دواین.

<u>ساقی وەك "ئاستانەی تێکست"</u>

دەستپێك لە هەموو کارێکدا بایەخدارەو دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ. ئێمە باس لە "ئاستانەی تێکست" دەکەین، کە سەرەتای دەستپێکردنی شیعرەکە دەگرێتەوە.

وشەی "ساقی" لە شیعری کلاسیکیی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی فارسی‌و کوردیدا ڕووبەڕێکی بەرچاوی گرتۆتەوە. هەندێ جاریش مەرج نییە بەکارهێنانی وشەکە هەر لەسەرەتادا بێ، بەڵکو ڕێکدەکەوێ کە لە کۆتایی و تەنانەت لە ناوەڕاستی شیعرەکەشدا دەبێ، کە ئەمە لای مەولەوی زیاتر دیارە. دەستپێك‌و سەرەتاداڕێژی لە شیعریشدا گرنگە هەرچەندە لە شیعری کلاسیکی – تەقلیدیدا

جاروبار ڕووالّەتی و ئەزنەك دانەبەری شاعیرە بۆ كۆكردنەوەی هێزو دەستپێكردن، بەلاّم لە حالّەتی تردا هۆیەكە بۆ پەیبردن بە جوانكاری و واتای تێكستەكە.

وشەی "ساقی" لە شیعردا بەتەنیا نایەت، بەلّكو شاعیر لەگەلّیدا بۆ سازدانی كۆڕی مەیخواردنەوە تەواوكەرانیشی وەك: موتریب، مغنی، نەیچی، دەف لێدەر، یان ئەسبابی خواردنەوەكە: مەی، جام، سوراحی،...هتد دێن.

لە تێكستە شیعرییەكاندا بەشێوەیەكی زۆر هونەرمەندانەو "میناتۆری" وەك نیگاری ڕووی فەرش، واقیعی ئەم كۆڕانە، هونەرمەندانە ڕەنگیانداوەتەوەو تەنانەت كاریگەریشی لە دەوروبەرە ڕیالییەكەی دیارە.

لێرەدا بۆ "ساقی" دوو نموونەی شیعری لە بەرهەمی ئەم دوو شاعیرە دەهێنینەوە، بێسارانی دەلّێ:

| | |
|---|---|
| ١- ساقی مەی داریم... | ئارەزووی نۆشای جامی مەی داریم |
| ٤- سەحەر سوراحی سوجدە وە جام بەر | جەو پەی عارفان جە عەقلّو فام بەر |
| ٥- مەی ئەقیق ئاسا نە جامی تەلاّ | پەی ئاوێنەی دلّ مبۆ بە جەلا |
| ٨- ئامانت ساقی، پێمان دەر جامێ | تا كە جە تۆوە بوینمێ كامێ |
| ٩- بە شق دیدەی وێت، هەریەند سەحەر بۆ | با جۆششی نۆش مەیمان نە سەر بۆ |

(بێسارانی، ل ٣٢٥ – ٣٢٦)

مەولەوی دەلّێ:

| | |
|---|---|
| ١- ساقی ئاوەردەو گرد كیاستێنین | وریا بەردین و كردە ئاستێنین |
| ٢- حال ماضی ئاسا ها نە گوزەردا | مقیم مسافر ڕەنگ نە سەفەردا |
| ٣- كاروان سەرای كۆن دەور دنیای دوون | جە بارگەی یاران وە چۆلّ مەوینوون |
| ٤- قافلّە كۆچ كەردەن، بەرزەن دەنگ زەنگ | وڕان حوجرەی خان وجوود سەنگ بە سەنگ |
| ٥- هۆسای تای شاولّ دانش وە مشتی | بەناباشی بورج دیواران گشتی |
| ٦- قەدەم ڕەنجەكەر وە لای كارەوە | بنچینەم وە تەرح مەی هۆردارەوە |
| ٧- عەمارەتێوەن بیناش باقی بۆ | ئاو مەی، خاك دوڕدی، بەناش ساقی بۆ |

(مەولەوی، ل ٢٩٢ – ٢٩٣)

وشەی "ساقی" لای هەردوو شاعیر هەر بەتەنیا ڕووی دەم لە بەرانبەركردن و سەرەتا نییە، بەلّكو بۆتە ناوەندو كورگی شیعرەكەو هەموو لا – بیرۆكەو لا – دیمەنەكان بەدەوری ئەودا دەسووڕێنەوە. نە "ساقی"و نە "مەی" واتای ڕووالّەتییان نییە، بەپێچەوانەوە لەو دوو نموونەیەی پێشەوەدا گەورەترین پلەوپایە هی "ساقی"یە، لای بێسارانی مەی: "جەو پەی عارفان جە عەقلّ و فام بەر" و "مەی مایەی جەلایە لە دلّدا" (ل ٣٢٥). هەروەها لای مەولەوی: "هۆسای تای شاولّ دانش وە مشتی... بە ناباشی بورج دیواران گشتی"یە، (مەولەوی، ل ٢٩٢).

هەرچەندە لێرەدا لە ناونیشان و دەستپێك {ئاستانەی تێكستەكە}دا، كێشانی وێنە شیعرییەكان

جیاوازن، بۆ نموونە لە ڕووی ڕووالەتەوە شیعرەکەی بێسارانی دیمەن‌و لادیمەنەکانی لە کۆڕی مەیخواران نزیکترن، مەبەست لە ڕووالەتە واقیعییەکەیەتی، بەڵام لای مەولەوی یەکسەر هەست بەوە دەکەین کە "ساقی" براوەتە بەرزترین پلە. تەنانەت وێنەکەی بێسارانی، هێمای وێنەیەکی مێینەی تێدایە، دەڵێ:

ئەوسا دەور مدەی، ساقی جام وە جەم    با جە زوڵفت دا زەڕیۆ نە بۆ کەم

(بێسارانی، ل ٣٢٥)

زوڵف هەمیشە بۆ ژن بەکاردێ، هەرچەندە لای سۆفییەکان ئەندامی لەش‌ولاری ژن زۆرجار مانایەکی عەشقی ڕاستی وەردەگرێ، نەك دنیایی..

بەڵام مەولەوی ئاوا ڕوو لە (ساقی) دەکا:

هۆسای تای شاوڵ دانش وە مشتی    بە ناباشی بورج دیواران گشتی

(مەولەوی، ل ٢٩٢)

"هۆسا" دیارە پێچەوانەی وێنەی خاوەنی "زوڵف"ە، بەڵام وشەی "ساقی" لەم دوو نموونەیەو ئەوانی تریشدا مەودایەکی ئاینی – سۆفیی هەیەو لە دەوری پرسی "بوون" و "مردن" و... مەی‌و خۆشەویستیی یەزدانی دەخولێتەوە، نەك ڕووالەتە دنیاییەکەو ئاوازەو ڕەنگدانەوەی دەقئاوێزانیشیان بەشێوەیەکی داهێنەرانەی ئاستانەی تێکست تێدایە.

دەقئاوێزان لە ڕووی پاراتێکستوالیتییەوە، ئاستانەی شیعرەکە دەگرێتەوە، کە هەردوو شاعیر دیالۆگێك لەگەڵ بەرانبەردا دەکەن. بێسارانی لەگەڵ (چراغ)دا کە خۆشەویست یان کەسێکی ئازیزو ڕێزداری لای شاعیر بووە: {بێسارانی، غەزەل (١١)، پیتی (چ)، ل ١٢٣}، هەروەها مەولەوی کە لە دیوەخانی شێخی بەهائوددیندا لە گوندی "تەوێڵە" میوان بووەو بە شیعر نامەیەکی بۆ نووسیووە: {مەولەوی، غەزەل (٢)، پیتی (ی)، ل ٥٣٧ – ٥٣٨}.

ڕاستییەکەی بونیادی ناوەوەی شیعرەکان، مەبەست لە داڕشتنی وێنەو سازو ئاوازی وشەکان جیاوازن. وێنەکانی بێسارانی لەسەر بنەمای هەندێ وشەی وەك: موژە، خار، گوڵ، جاڕوکاری...هتد داڕێژراون‌و شاعیر لە خەویدا بەتەمای نازی دولبەرەکەیەتی، بەڵام مەولەوی لە بەفرەڕۆژێکدا کە دیوەخان دڵۆپەدەکاو سەرماوسۆڵەیەو ئەمیش چاوەڕوانی دیداری شێخەکەیەتی.. شایانی باسە، شاعیر نیگاری بەفرانبار بە چەردەیەك وێنەی بەرجەستەو پلاستیکی دەکێشێ، کە بە وێنەو میتافۆری ناوازە خەملاندوویەتی، هەروەها هەندێ دژەوێنەی جوانی بەکارهێناوە:

جۆشی کوورەی مەیل دڵستانییەن    دەواش هەوای فەرد زمستانییەن

یان ئەم دێڕانە:

ئۆسای بلووربەند پەنجەرەی کاوان    ئاینەسازیش وست ئەو شەتاوان
وەروی بەرد ئەو بەست گرد گوزەرگایێ    دووی ئازیزشەن دڵ ئاهەڕایێ

(مەولەوی، ل ٥٣٨)

دەقئاوێزانەکە لە دیالۆگو ڕووی دەم لە کەسێك کردندا دایە، وەك وتمان لەم دوو نموونەیەدا، لای بێسارانی (چراغ) و لای مەولەوی (شێخ)ە.. بەڵام ئاوازەیەکی تری دەقئاوێزان کە هی ئەم جۆرە نییە لێرەدا بەدیدەکەین، کە ئاماژە، یان تەنانەت تێهەڵکێشێکی باسنەکراوە کە مەولەوی شیعرەکەی خۆی پێ کلۆم کردووە، دەڵێ:

تکەش عاجزکەرد خەیاڵت تێشدا          ئازیز بۆ جاریٚ پا بنیە پێشدا

(مەولەوی، ل ٥٣٨)

ئەمە ئاشکرایە ئاوازەی ئەم دێڕەی بێسارانییە لەو نموونە شیعرییەیدا کە هێناومانەتەوە، بێسارانی دەڵێ:

بۆ وە بێ ئەندێش پا بنیە لێشان          بدیە بینایی هیچ مەندەن تێشان

(بێسارانی، ل ١٢٣)

بێگومان مەولەوی وێنەکەی بەشێوەیەکی قووڵتر پەرەپێداوەو نەمانی بینایی نییە وەك لای بێسارانی لە چاوەکانیدا، بەڵکو لەبەرئەوەی فرمێسك چاوەکانی مەولەویی گرتووە، وێنەیان بە ڕوونی تێدا دەرناکەوێ. هەمیشە ئاماژە بەوەکراوە کە ئەم جۆرانەی بۆ تۆژینەوە پۆلێنکراون نابنە بەربەستو دیوار لەنێوان جۆرەکانداو وەك لەم نموونەیەدا دەرکەوت، ئەم جۆرە کە پاراتێکستوالیتییە، تێهەڵکێشێکی تێدابوو، کە سەر بە جۆری یەکەمە، نەك دووەم.

٣. Metatextuality (شرۆڤەی دەق)

جۆری سێیەمی دابەشکردنەکەی ج.جینێت "metatextuality" "شرۆڤەی دەق"ە، کە بەگوێرەی، هەموو تێکستێك پێویستی بە ڕوونکردنەوەو پەراوێزو شرۆڤە هەیە بۆ دەرخستنی پەیوەندیی بە تێکستێکی ترەوە. جاری وا هەیە بێ ئەوەی ناوی ئەو تێکستە بهێنرێ، یان ئاماژەی بۆ بکرێ، کە لێوەی وەرگیراوە. کەواتە ئەم شیکاریو پەراوێزە ناوەرۆکێکی ڕەخنەگرانەی تێکستەکەیە. ڕەخنەو پۆیەتیك "هونەری شیعر دانان" زۆر لەم جۆرەیانەوە نزیکن. شایانی باسە، ج.جینێت خۆشی زۆر بەتەواویو وردی ئەم چەمکەی ڕوونکردۆتەوە. {٥، ل٤}.

دەشێ هەندێ نموونەی شیعری چ وەك بابەت، یان شێوازو لایەنی هونەری، لەهەمان کەشوهەواداو بەهەمان هەناسەوە نووسرابێتن، وشەو دەربڕین، وێنەی شیعریو نیگارکێشانیان یەکدی بە زەینی خوێنەردا بهێننو بیری بخەنەوە، هەروەك ئەوەی شاعیری نەوەی دواتری خستبێتە سەر کەڵکەڵەی "کێبڕکێ" لەگەڵ ئەوەی، یان ئەوانەی پێش خۆیدا، یان بە وتەی هارۆڵد بلووم "تاسەی کاریگەری" لێی دابێ، بۆئەوەی هاریکارییەك لە نەخشاندنی "مۆزاییکی دەق"دا بکات. ئەمەش یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی دەقئاوێزان بەواتا هەوڵینو سەرەتاییەکانی.

لێرەدا بۆ ئەم جۆرەیان (٤) جووتە نموونەی شیعری هەردوو شاعیرمان هەڵبژاردووەو جێگەی ئاماژەو هێنانەوەی نموونەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیمان نییە، کە بەشێکی ئەم گۆشەنیگایەی جۆری سێیەمی دابەشکردنەکەی ج.جینێت دەگرێتەوەو مەبەستی تۆژینەوەکەشمان نییە، بەڵام هەوڵێك

دەدەین لەلایەنەکەی ترەوە ئەم چەمکە بە نموونەی شیعری بێسارانی و مەولەوی ڕوونبکەینەوە، کە دەکرێ بیانخەینە ئەم چوارچێوەیەی دەقئاوێزانی ج.جینێتەوە، بێسارانی دەڵێ:

١- زلێخام تەتار... دوو دیدەش وێنەی وەڵەدی تەتار
٢- جەیرانان دەودۆ، جیا جە قەتار دوورکەفتەی سارای، مەئوای خوتەن شار
٣- میرغوزار ماوا، ڕەوێڵەی ڕەوێڵ وەڵگی گوڵ بەدەم نە پای هەردان گێڵ
...
٥- دەیری بیدی گێڵ دەوەندەی دوورپەڕ کلاف بە شەونم خونچەی گوڵان تەڕ
٦- قنیات کەر وە گوڵ خونچەی سۆسەنان شەو خاوگەش نە پای بارگەی چل تەنان
...
٩- پەی ساکنیی دەرد بگیرەش نە دام تا چەندێ مەرهەم بەیۆ پەرێ زام

(بێسارانی، ل ٣٠٧ – ٣٠٨)

مەولەوی دەڵێ:

١٣- جەیرانان گەل گەل تازەکەردەن مەیل فەڕ وستەن ئەو زێد پای هەردەی دوجەیل
١٤- چەم سیاوەکەی وە ناز دیاکەم سەر ڕەوێڵەکەی جە ڕەم جیاکەم
١٥- هالای سەرمەستەن وە شنۆی لەیلاخ بۆی نەوپایزش نامان وە دەماخ

(مەولەوی، ل ١٦٣)

هەروەها شاعیر لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

٥- جە قەتارەی خێڵ دیدە سیاوان باقی هەوارگەی گەرمیان یاوان
٦- گەرمەسێری دڵ مەعدوومی نەبۆ وارگەش خاڵییەن قیبلەم دوور جە تۆ

(مەولەوی، ل ٣٣٨ – ٣٤٠)

بابەت "theme"ی ئەم شیعرانە هاتنە خوارەوەی کۆچەرانە لە وەرزی پایزدا. بنەمای شیعرەکەش بە ئەلیگۆریایەک داڕێژراوە، کە "جەیران، ئاسک"ە، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ئاسکی هەردوو شاعیر کە خوازەیە بۆ کەسێکی خۆشەویستی شاعیر، یان پیری گیانی...هتد لە گەلەو کاروان دوورکەوتوونەتەوەو بێئارامییان لای هەردوو شاعیر پەیداکردووە.
تابلۆیەکی ژیانی کۆچەران‌و سرووشتی پایزی کوردستان‌و لەناوجەرگەشیاندا شاعیر – مرۆڤ وەستاوەو خەمبارە بەپێچەوانەی کەسانی ترەوە، چونکە تاك و تەنیایە.
دەکرا بۆ بێسارانیش زیاد لە نموونەیەکی شیعری بهێنینەوە، وەك بۆ مەولەویمان کردو ئاماژەی هەمان نزیکی‌و دووبارەبوونەوەی وێنەکان لای هەردوو شاعیر بکەین، بەڵام بەتەنیا نموونەیەك قنیاتمانکرد. بەکورتییەکەی، بابەتەکەو تەوەرەی شیعرەکان‌و وێنە بنەڕەتییەکەش کە تابلۆ ئەلیگۆرییەکەی بەدەوردا نەخشاوەو...هتد هەمان شتن لای هەردوو شاعیر، بێ ئەوەی مەولەوی شاعیری "دوایینە"، هیچ ئاماژەیەك بە بەرهەمی "پێشینە"کەی بکات، هەرچەندە لە هەندێ

وردەکاریی هونەرییدا جیاوازی هەیە، بەڵام ڕایەڵێکی بنەڕەتیو بەهێزیش لەنێوانیاندا هەیە.
مۆتیڤێکی شیعری بەهاریی ئەم دوو شاعیرە بەدەوری گوڵی نەرگس "نێرگز"دا دەسووڕێتەوە، بێسارانی دەڵێ:

١- نەرگسێ مەبۆ ساق سەوزو چەم زەرد      شەو بە شەونم کەیل، پەل سپیو بێ گەرد
٢- شەوان بە شەونم، خاڵ مەدۆ جەلا      جامی زەڕپێوەن، چون حوققەی تەڵا
٣- چەنی باد صوبح باڵا مەنمانۆ      شکۆفەش بە شەوق ئافتاو مەمانۆ
٤- تەن لەرزان بە جەور، بادی سوب تۆفان      پێشڕەوی قۆشەن، شەوق شکۆفان
٥- شێوەی ئەو نەرگس بەو شەوبەندەوەن      بەو شای شکۆفان شاپەسەندەوەن
(بێسارانی، ل ٤٣٦ – ٤٣٧)

مەولەوی دەڵێ:

٥– نەرگس وە مەس مەس مدیۆ کێن ئەوکەس      گۆشەی چاك دڵ وەرنەدۆ جە دەس
(مەولەوی، ل ٤٧٤)

یان:

٣– جە پرژەی شەونم نە تۆی پەردەوە      نەرگس مەس مەس چەم وڵاوکەردەوە
(مەولەوی، ل ٦٨)

شیعرەکەی بێسارانی بە شێوازی باڵاد – چیرۆکئاساو گێڕانەوە دەست پێ دەکا، وێنەیەکی "visual"و لەسەر بنەمای ڕەنگ – بینین داڕێژراوە، بەشێوەیەکی ستوونی وێنەکان یەك بەدوای یەکدا دێنو یەکدی تەواودەکەن. دوور نییە "نەرگس"ی سەرپۆشەکەی یار، ئەوە سرووشتییەکەی هێنابێتەوە پێش چاوی شاعیر. ئەگەر نەرگس ئەلیگۆریا بووایە بۆ یار، گوڵی نێرگزی سەرپۆشەکە بەهێزتر دەبوو، زیاتر لە بەکارهێنانی نەرگس بە مانا سرووشتیو تەقلیدییەکەی دووردەکەوتەوە، چونکە لەمیاندا هەر چاوی یار بە نەرگس چووێنراوە.
لە دوو نموونە شیعرییەکەی مەولەویدا کە تەنیا لادیمەنێکی وەسپی بەهار پێکدێننو سەربەخۆ نین، شاعیر دوو خوازە – میتافۆری ناوازەی داهێناوە، کە دەکرێ وا لێکبدرێتەوە، کە نێرگز هێمایە بۆ ئازیز – یار، چونکە دوو قەرینەی داوە، کە بۆ مرۆڤ دەگەڕێنەوە... دیارە نەرگس نە دەڕوانێو نە لە توێی پەردەشەوە چاودەکاتەوە.. پرژەی شەونمیش لە زەیندا ئاوپرژاندنمان بۆ دەموچاوی کەسی نووستوو وەبیردێنێتەوە. هەموو ئەم پەرەپێدانە هونەریو جوانکارییەی وێنە لەسەر بنەمای "نەرگس"و بەدەوری ئەودا نەخشێنراون. دەشێ شیعرەکەی مەولەوی وەك حاشیەیەك، پەراوێزو شرۆڤەیەك بۆ شیعری بێسارانی لێکبدرێتەوە، بەبێ ئەوەی مەولەوی باڵادەستیو کارامەییو توانای هەمیشە بەزاندنی سنووری تەقلید لەدەست بدات.

### ٤. Hypertextuality (لاساییکردنەوەی دەق)

جۆری چوارەم لە دابەشکردنەکەی ج.جینێتدا "hypertextuality" "لاساییکردنەوەی دەق"ە، کە بایەخێکی زۆری تێدا دەدرێ بە چەمکی palimpsests "الطروس، الرق...". دەربارەی ئەم

جۆرەیان ج.جینێت دەڵێ: "مەبەست لە هەموو پەیوەندییەکە کە تێکستی B (من پێی دەڵێم hypertext – دەقی دواتر هاتوو بە دەقێکی ترەوە کە ناوی دەنێین (hypotext) دەقی پێشوو، هەیەتیو لەسەر بنەمای دەقی یەکەم، بەڵام نەك بەشێوەی قسەو کۆمێنێت لەسەرکردن دادەڕێژرێ". {٥، ل٥}.

ئەوەی ج.جینێت زاراوەی hypotext ی بۆداناوە، ڕەخنەگرەکانی تر پێی دەڵێن inter-text (المتناص)، واتە ئەو دەقەیە کە لەم ڕەوتەدا سەرچاوەی بنەڕەتیی دەلالەتو واتای تێکستەکەیە، بۆ نموونە، دەشێ بوترێ کە "ئۆدێسا"ی هۆمیرۆس inter-text یان بەوتەی ج.جینێت hypotextی "یۆلیسیس"ی جێمس جۆیسە. {٢، ل ١٠٧ – ١٠٨}.

هەر لەم بارەیەوە ج.جینێت دەڵێت: "لەپێش هەموو شتێکەوە hypertextuality وەك جۆرێك لە چەمکی کارکردن، لە خۆیدا، ژانر نییە یان وردتر بڵێین ئارشیتێکستێکی "کۆکەرەوەیەکی" پشت ژانر نییە: مەبەست لەوەیە ئەم جۆرە دەقە بەشێوەیەکی سەرجەمی هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی وەك pastisch (بەرهەمێکی ئەدەبیو هونەری کە بۆ گاڵتە، لاسایی بەرهەمێکی تر دەکاتەوە)، parody (لاساییکردنەوە بۆ گاڵتەجاڕی)، travesty (لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانەو پێکەنین هێنو ژانرەکانی تریش دەگرێتەوە). {٥، ل٨}.

ج.جینێت گرنگی بە ڕووواڵەتە گشتییەکانی زمان یان چالاکیی ڕۆشنبیریی ئامێز نادا، بەڵکو ئەو بایەخ بە ڕووخساری ژانری داخراوی سەربەخۆی ئەدەب دەدا. هیپەرتێکستوالیتی لای ج.جینێت لە ئارشیتێکستوالێتی دەچێ، گرنگترین جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆرە ئەوەیە کە pastisch و parody لە بنەڕەتداو بەگشتی بەمەبەست بن، بەڵام هیپەرتێکستوالیتی، ئەوەیە تراژیدی، کۆمێدی، نۆڤێلو لیریك لەسەر بنەمای چەمکی لاساییکردنەوەی مۆدێلی ژانرەکان بنیاتنرابن هەتا ئەوەی لاسایی تێکستێکی تایبەتی ڕابووردوو بن.

ج.جینێت گریمانەی ئەوە دەکات کە واتای کاری هیپەرتێکستوالیتی پشت بە زانیاریی خوێنەر دەربارەی هیپۆتێکستەکە دەبەستێ، چونکە هیپەرتێکستەکە یان بەشێوەی گاڵتەئامێز یان تەنزو لاقرتی گوێزراوەتەوە. {٢، ل ١٠٨ – ١٠٩}.

گریمانەی ئەوەش هەیە کە بوترێ، پرۆژەکەی ج.جینێت جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە پۆیەتیکای بونیادگەری دەبێ سرووشتی گوێزانەوەی دەق دەربخات و ناتوانێ بەئاسانی پاشەکشە لەو بۆچوونە باوە بکات کە دەڵێ دەق دوو بوونی هەیە: وەك دەقی سەربەخۆ، یان دەقی ئاوێزانکراو inter-text، {واتە سوودی لە دەقی پێشتر وەرگرتووە}... کەواتە لەم ڕێبازەی ج.جینێتدا کێشەیەك هەیە، ئەویش ئەوەی کە پەیوەندیی بە "ناوەوە"و "دەرەوە"ی دەقەوە هەیە لە مەسەلەی پاراتێکستوالیتی (پێداویستیی تێکست)دا، لە گرفتی پەیوەندیی نێوان ئەدەبو هونەرەکانی ترو تێکستی کولتووریدا بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها مەبەستی دانەرو لێکدانەوەی خوێنەرو دەوری لە بەرهەمهێنانی واتادا. {٢، ل١١٢}.

وەك لە سەرەتادا وتمان چەمکی palismpsest "الطروس" لای ج.جینێت زۆر کاریگەرەو ئەم

وشەیە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا ئاوا پێناسەکراوە، وەك parchment [*]...هتد. کە دوو جار نووسراوە، نووسینە بنەڕەتییە ئەسڵییەکە کوژاوەتەوەو خراوەتە دەرەوە،.. هەروەها ئەمەی ئێستا نووسراوە نووسینەوەی سەرلەنوێی ئەسڵەکە نییە. {٢، ل ٢٩٨}.

بۆ جۆری دەقئاوێزانی hypertextuality (لاساییکردنەوەی دەق)، پێنج جووتە نموونەی شیعریی لە دیوانی بێسارانیو مەولەوی دەهێنینەوە، بۆئەوەی بزانین ئاخۆ لەگەڵ دابەشکردنەکەی ئەم زانا ئەدەبناسە، واتە: ج.جینێتدا چۆن دەکەونەوە. لە نموونەی شیعریی یەکەمدا بێسارانی دەڵێ:

٢- پەی چێش مەواچان حیجاب خاس نییەن    جە ئافتاو خاستەر کەسێ کێ دییەن
٣- ئەگەر پەی خاسان حیجاب خاس مەدی    ئافتابو مەهتاب هیچ کەس نمەدی
٤- کەسێ وێنەی تۆ شەم بۆ جەمینش    لازم پەروانان مەیان وە دینش
٥- ئیمەیچ پەروانەی شەم شوناسانیم    پەڕو باڵ سفتەی دین خاسانیم
(بێسارانی، ل ٣٦٥ – ٣٦٦)

مەولەویش لە دووبەیتێکدا دەڵێ:

١- گۆشەی سیماڵ هۆرداو دیاوۆ    چون مانگ نە گۆشەی هەوری سیاوە
٢- بە خودا قەسەم پاسەم ئومێدەن    (حور مقصورات فی الخیام) ئێدەن
(مەولەوی، ل ٣٦٩)

بەگوێرەی ئەو چەمکەی کە دەڵێ: تێکستی B ڕایەڵێکی لەگەڵ A دا هەیە، مانای ئەوە نییە کە کوت‌ومت دەبێ کۆپێی ئەو بێ، چونکە ئەوکاتە لە دزینی ئەدەبی، وەرگرتنێکی لەڕووی یاساو ڕێسای هونەری ڕێگە پێ نەدراوەوە، نزیکدەبێتەوە. هەر بۆ نموونە، ڕاستە "یۆلیسیس"ی جۆیس ڕایەڵەی هونەریی لەگەڵ "ئۆدیسا"ی هۆمیرۆسدا هەیە، بەڵام جۆیس بۆ مەرامو ئامانجی هونەریی خۆیو هەڵوێستی لە ژیان، سوودی لێ وەرگرتووەو بەرهەمێکی جیاوازی داڕشتووە.. هەرئەمەشە کە ج.جینێت زاراوەی palimpsests بەکاردێنێ، واتە ئەو لەوحەیەی نووسینی یەك دووجار لەسەر سڕاوەتەوەو هی تری لەسەر نووسراوەتەوە، بەڵام هەرگیز ئەم نووسینەوەیە (rewriting)ی دەقاودەقی سەرلەنوێی ئەوانەی پێشوو نییە، بەڵکو بە گیانو هەناسەیەکی تایبەت بە خۆی هی ئەمەی دواییانەوە نووسراوە. ئەگەر ئێمەش سەیری ئەو دوو نموونە شیعرییەی پێشتر هێنامانەوە بکەین، ڕاستە مۆتیڤێکی نزیك، یان وێنەیەکی شیعری هەیە، بەڵام لای هەر شاعیرەو بە شێوازێك دەربڕدراوە، لێرەدا مەبەست لە وێنەی سرووشتیی: هەور – هەتاو، مانگ لای بێسارانی، هەور – مانگ لای مەولەوییە.

---

[*] parchment – بەرشمان، پەڕەیەکی بەنرخو بەهادارە، لە ڕەق، بەیازو دەسنووسی (رقی) دەچێ. بڕوانە: {١٢، ص ٣٤}.

جۆری دارِشتنی وێنەکان جیاوازییان هەیە، بێسارانی لای وایە کە جوانان شەرتیان هەیە، بەڵام شەرمیان نییە، بەکورتییەکەی پێی وایە (حیجاب) شتێکی خوازراو نییە ئەینا مانگو خۆر خۆیان دەرنەدەخست، لێرەدا جوانان چووێنراون بە خۆر یان مانگ، کە ئەمە چوواندنێکی تەقلیدییە.

بابەتی شیعرەکەش ئاواتخواستنی شاعیرە، بەڵام مەولەوی ڕووداوێك بە شیعر نیگاردەکێشێ و دەیچووێنێ بەو مانگەی لە گۆشەی هەورێکی ڕەشەوە دەردەکەوێ، ئەمە "چوواندنی نواندنە" یان وەك ئەورووپاییەکان هەر بە میتافۆری ناودەبەن. وێنەکەی مەولەوی ئاوایە:

دەوار ــــــــــــ هەور

ڕووی نازدار ـــــــ مانگ

ئەوەشی لە کۆتاییدا وەك ناوەرۆك هەردوو نموونەکە یەکدەخاو دەبێتە دەقئاوێزان لای مەولەوی، بێجگە لە دەقەکەی بێسارانیش ئایەتە قورئانییەکەی "حور مقصورات في الخيام"ە کە دەبێتە ئاماژەو گەڕانەوە بۆ زیاتر لەیەك سەرچاوەی دەقئاوێزان، کە لە جوغزی داخراوی ئەدەب دەردەچێ و پاڵپشتێکی کولتووری- ئاینی پەیدادەکا. هەردوو شاعیر نەیانویستووە بەرهەمەکەیان ببرێتەوە سەر سۆزو هەستێکی جوانپەرستیی دنیایی، بۆیە بێسارانیش خوێنەری لەوە وریا کردۆتەوە، دەڵێ:

٦- میللەتی پاك دین پێغەمبەرانیم    نەك جە طایفەی کەم نەظەرانیم

(بێسارانی، ل ٦٦)

هەروەها نموونەیەکی تری شیاوی ئەم چەمکەی ج.جینێت دوو شیعری تری هەردوو شاعیرە، بێسارانی دەڵێ:

١- وەی من دەردەدار...    وەی من سابیای کەسیۆ دەردەدار

٢- بدیای بەشێوەی نەقش نەووەهار    هۆرگرتای مایەی دەردوخەم هەزار

٣- جە زەردیی گوڵڕەنگ، جە نەورۆزان داخ    جە شەونم، ئەسرین، جە دووری شەم، ئاخ

٤- جە وەنەوشە خەم، جە نەرگس خومار    جە گوڵاڵان هوون، دیدەی شەوبێدار

٥- جە خونچە پەیکان، جە سۆسەن خارێ    خارێ نە دڵ بۆ، جە زەخم یارێ

٦- جە باڵای نەمام، تیری خاری جەرگ    جە گوڵ گەز هووناو، گوڵ گوڵ کەردەن بەرگ

٧- جە دەردەداران، هەر منەنان وەس    مەدیۆ مەوینوو، هەنی نییەن کەس

(بێسارانی، ل ٤٥٦ – ٤٥٨)

مەولەوی دەڵێ:

١- دووریت دیارەن چەندصاحێب نێشەن    تۆی دەروون وە خار نێشێ و تەر ڕێشەن

٢- هەرچی موینوون شێوەی تۆ پێشەن    دڵ وە هەتیتەی حەسرەتدا کێشەن

٣- هەر ماهی نەوبۆ حاڵم پەشێوەن    چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن

٤- نە شەو ڕاحەتم، نە ڕۆ دڵشادم    شەو زوڵف و ڕۆ ڕووت مەوزۆ ئەو یادم

٥- شمشادو نەرگس وەنەوشەی چەمەن    سەیرشان ئازار بینایی چەمەن

٦- ئاد مارۆ بە ویر تەرزەکەی باڵات    ئەو دیدەی مەستت، ئید خاڵ ئاڵات

٧- سۆچنۆم حەسرەت دەرد جیایت    نەك چون بڵیسەی یاد تەنیاییت

٨- وە مەرگت، دیدەم، هام نە گوزەردا    منیچ لام لای تۆن ئارۆ یا فەردا

٩- مطرب مەقامێ دەردم ناچارەن    ساقییا جامێ دۆس ئینتیظارەن

(مەولەوی، ل ٢٣٤ – ٢٣٦)

ئەم دوو نموونە شیعرییە لەسەر بنەمای ڕەوانەکردنی باری دەروونیی خود بۆ دەرەوە، بۆ نموونە: سرووشت...هتد، داڕێژراون، واتە لەنێوان سرووشت- مرۆڤدا ناکۆکی هەیە بۆ؟ بەهار وەرزی ڕەنگینیو هەواخۆشیو شادیو جوانییە، بەڵام باری دەروونیو گوزەرانی هەردوو شاعیر باش نییە، گیروگرفتیان هەیە، بێسارانی لە دووریی یارەکەیدا هەموو دیمەنە نەرێنیو ناخۆشەکانی سرووشت بە خۆیو ئەندامی دەچووێنێ، هەروەها مەولەویش ئەم شیعرەی بۆ کۆچی دوایی عەنبەرخاتوونی خێزانی وتووە، واتە لە ڕووی مەبەستو بابەتی شیعرییەوە دەچێتە چوارچێوەی لاواندنەوەو شینەوە، بەڵام لێرەدا بێجگە لە ناوەرۆکی خەمهاوەری شیعرەکان، زیاتر دەقئاوێزانەکە لە بونیادی هونەریو وێنەی شیعرییەکانی هەردوو نموونەکەدایە، چونکە هەردوو شاعیر مرۆڤ- شاعیر یان پاڵەوانی لیریکی چووێنراون بە دیمەنو دیاردەکانی سرووشت، لە حاڵەتێکی دژدا. ئەوەی دەگمەنیو دانسقەییەك دەدا بە شیعرەکەی بێسارانی، ئەوەیە سرووشت بەخۆی دەچووێنێ، چوواندنی پێچەوانەیە، بەڵام مەولەوی سرووشتی کردووە بە هۆی دەرخستنی جوانیو شاژنیی خێزانەکەی.. هەمیشە شاعیران پەنا بۆ سرووشت دەبەن، دەیکەنە ئامێری دەربڕینی هەستو نەستو هەڵوێستیان لە ژیانو جوانیو سۆزی خۆشەویستی.. هەردوو شاعیر زۆرجار ئەمەیان کردووە، هەر بۆ نموونە ئەو شیعرەی بێسارانی کە لە لاپەڕە (١٥٦-١٥٧)ی دیوانەکەیدایە، شاعیر ئەم بەراوردانەی خۆیو سرووشت، وەك دوو جەمسەر سازدانو هێنانە کایەی بونیادی هونەری، دەکا:

زەردیی گوڵ – ڕەنگی ڕووخساری مرۆڤ، گوڵە نەورۆز- ڕەنگی ڕەش، داخو پەژارەی، شەونم- ئەسرین، دوودی شەم (مۆم)- دووکەڵی ئاخ، وەنەوشە- خەم (مۆرو شینی تۆخ- ڕەنگێکی داخراو)، نەرگس- مەستیو خوماریی چاو، گوڵاڵە (گوڵەگەن)- خوێنی دیدەی شەوبێدار (لە سووریی ڕەنگدا)، خونچە- پەیکان (تیر)، سۆسەن- خار (دڕك)...هتد.

شاعیر بەم دیمەنانەی سرووشت، سووژێتێکی ئەلیگۆریی ڕەنگنو سەرکەوتووی بۆ دەربڕینی دەردی دووریی خۆی لە یار- نەخشاندووە.

بەڵام مەولەوی لە لاواندنەوەی عەنبەرخاتوونی خێزانیدا، هاتووە بۆئەوەی خوێنەر- وەرگر بەو کۆستە گرانەی ئاشنا بکا، وێنەکانی بۆ نیگارکێشانی شێوەی خێزانەکەی خستۆتەکار:

ماهی نەو- شێوەی ئەبرۆ، شەو- زوڵف، شمشاد- باڵا، نەرگس- دیدەی مەست، وەنەوشە- خاڵی ئاڵا، دەردجیایی- یاد تەنیاییت {تەنیایی عەنبەرخاتوون لە گۆڕەکەیدا}..

لە کۆتایی شیعرەکانیاندا، هەردوو شاعیر بەتەنیا ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆیان دەبنەوە، بێسارانی هەر لە ڕوانگە دنیاییەکەوە، خۆی لە "بوون"دا تەنیا دەبینێ، کە کەس هاودەردی نییە،

بەڵام مەولەوی داوای (مەقام) لە (مطرب)و جام لە (ساقی) دەکاو دەیەوێ بەرەو دوامەنزڵ و ئەبەدییەت هەنگاوبنێ، بۆئەوەی هەم بە دۆس‌و لە دواپلەشدا بە کردگاری خۆی بگات. دوای ئەم ڕانان‌و بەراوردو سیمای هاوبەش لە زۆر ڕووەوە دۆزینەوەیە، لەنێوان ئەم دوو شیعرەدا، دەکرێ بڵێین کە شیعرەکەی مەولەوی (B) هیپەرتێکستی شیعرەکەی بێسارانی (A)یەو زایەڵەی دەقئاوێزان لەڕووی بونیادو وێنەو وشەو دەربڕینی هەردووکیانەوە بەرزدەبێتەوەو بەڕوونی دیارە، بێگومان بە جیاوازیی نێوانیشیانەوە، ئەمە نموونەیەکی گونجاوی دەقئاوێزانی لەم جۆرەی ج.جینێتە.

لە هەندێ نموونەی شیعریی تردا کە بە "هەوری نەو، نۆ" لای هەردوو شاعیر دەست پێ دەکاو گرێدەری خەم‌و پەژارەی مرۆڤ- شاعیرە، وێنە- دیمەنێك هەیە لای هەردوو شاعیر هەن‌و دەکرێ بەهەمان پرینسیپ مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، یان زیاتریش بە چەمکی palimpsests (الطروس).

بێسارانی دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ١- هەوری نەو ئامان ... | باجەتی ڕەسوڵ، ئامان سەد ئامان |
| ٢- وەس دەرە ڕێزەی سەیلات وە دامان | ها جە گەشتەدا، سەوڵی خەرامان |
| ٣- لادێ جە سەیلات با بۆت مودارا | تا کە بەیەوە قیبلەم جە سارا |
| ٤- باجەتی پیران، شای (سەرەواڵا) | بە سەیل تەڕ نەکەی ئەو بەژن‌و باڵا |

(بێسارانی، ل ٤٦٦)

مەولەوی دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ٢- سزان ئەرگێرۆ تەم دڵەی کاوان | هەور نەو وە جان ڕێزۆ هووناوان |
| ٣- بەڵام، تاقەتێ، های هەورە ئامان | ها نەسەفەردا شای نەونەمامان |
| ٦- پەی بار خاتر ئەو شیرین شێوە | چ حاجەت وەی تەم، وەی سەیل ئێوە |
| ٧- وەسەن دووی بەدەن جە گیان جیای من | وەسەن سەیل چەم بەخت سیای من |

(مەولەوی، ل ٣٣١ – ٣٣٢)

ئەوەی بێجگە لە هەوریی نوێی بەهارەو کەش‌وهەوای باران بارین ئەم دوو نموونەیە یەکدەخاو ڕایەڵی پەیوەندیی دەقئاوێزان دێنێتەدی، بوونی مۆتیڤێکی دیاریکراوی وەك بوونی (یار-دۆست)ە لە سەیران لەم ساتەدا. لێرەدا تەنانەت زەین بۆ ئەوەش دەچێ کە مەولەوی هەوڵی کێبڕکێی لەهەمان شتدا لەگەڵ بێسارانیدا دابێ، کە دیسانەوە هەر دەقئاوێزان دەیگرێتەوە، چونکە شیعرەکەی مەولەوی (تێکستی B) لەچاو ئەوەی بێسارانیدا (تێکستی A) چ لە چەندو چ لە چۆندا بەشێوەیەکی بەرچاو بەپێزو ڕەنگن کراوە.

شیعرەکەی بێسارانی بەشێوەیەکی ڕیالی‌و دوور لە جڵەو بۆ خەیاڵ‌و فانتازیای شیعری بەردان، نووسراوە. هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ وێنەی تێدا نییە، بەڵام مەولەوی پەرەی بەم بیرۆکەیەی داوەو بە پاڵپشتی دیاردەو دیمەنەکانی سرووشت گەلێ وێنەی جوانی کێشاوە، دواتریش خۆی تێکەڵی سرووشت کردووەو بەکاریهێناوە بۆ سازدانی دەربڕینی ناسك‌و ورد: تەم بە دووکەڵی

هەناسەی خۆی، باران- بە فرمێسکی چاوی دەچووێنێ، هەروەها واتایەکی هێندە قووڵ بە وشە نیگار دەکێشێ، کە نازکیو جوانیی یار لە ئاستێکدایە تەنانەت زەحمەتە بە دڵی شاعیریشدا گوزەر بکا، نەك بکەوێتە بەر لێزمەی بارانی بەهارە، دەڵێ:

٤- نازکیش چون ناز جە حەد بەرشییەن — خاتردارێش کەر وێنەی کەس نییەن

٥- وێش چون حەوصەڵەی وەشتو تەم دارۆ — یادش نە دڵ دا زەحمەت مویارۆ

(مەولەوی، ل ٣٣٢)

ڕایەڵی پەیوەندیی ئەم تێکستە شیعرییانە، دواییش پەرەپێدانو بەسێبەرو ڕەنگ نەخشاندنی شاعیری دواتر، مەولەوی، وای کردووە کە مۆتیڤی بارانی بەهارەو گەشتی یار- دۆست لەو ساتەدا، دوو شیعری ناسکی وای لێ بخولقێنرێ و کەرەسەی میتۆدەکەی ئێمەش بەچاکیو بەپێزی فەراهەم بکات.

دوا دوو نموونەی شیعری بۆ ئەم جۆرە دەقئاوێزانە بەکارهێنانی مۆتیڤو هەندێ زاراوەی ئاینی- مێژوویی شەهیدکردنی حەزرەتی حسەینو ناوهێنانی کەربەلاو یەزیدو...هتدە کە لەڕاستیدا وێنەیەکی تەقلیدیی دووبارەبووەی شیعری عەرەبی- فارسیو هەروەها ئەدەبی کوردییشە، بێسارانی دەڵێ:

١- شیرین بەلا کەرد... — ڕۆی عەزم جەزم شۆرو بەلا کەرد

٢- سوپای سام نە دەور دیدەش وەلا کەرد — نەبەردی (یەزید) ڕۆی کەربەلا کەرد

٣- پۆشا بەرگی صاف سیای غەضەبناك — دڵ جە ڕەحمو ڕای ڕەزای خودا پاك

٤- فەرمان دا بە قەتڵ دیدەی بێ خەوان — نەفس ناڵینان، چەم چون سەراوان

٥- یەکێشیان من بیم بە یەك دیانێ — شیەنم نە دڵ هەزار پەیکانێ

٦- کەسێ سوپای سام دیدەش بەی تەور بۆ — ئەر زوڵفش پەخش بۆ، مەبۆ چ تەور بۆ

(بێسارانی، ل ٣٥٢ – ٣٥٣)

مەولەوی دەڵێ:

١- شوورای عاشووران دیسان بەزمش بەست — (موحەڕەم) ئاما (مەحرەم)شی نەدەست

٢- ئەو خەریك نە چۆڵ شار عەدەم دا — من نە (کەربەلا)ی سارای ماتەم دا

٣- ئەو (یەزید)ی مەرگ وە ئەسیر بەردە — من زادەی (زیاد) خەم یەقیر کەردە

٤- بازاڕەن، وادەی مامەڵەن، ساقی — هەی بگرە فانی، وەی بدەر باقی

٥- ڕۆ (حسەین) ئاسا فەردا کە ڕۆ بۆ — داخۆم سەر جە کۆ، لاشەم جە کۆ بۆ؟

(مەولەوی، ل ٣٢٠ – ٣٢١)

ئەم ڕووداوە مێژووییە، شەهیدکردنی حسەینی کوڕی ئیمامی عەلی، لە گەلێ بەرهەمی ئەدەبیدا وەك سیمبوڵو وێنە بەکارهاتووە، بێسارانیو مەولەویش بۆ مەبەستێکی تر بەکاریانهێناوە، کە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە خودی ڕووداوەکەو ئاینەوە نییە، تەنیا کەرەسەو ماسکە بۆ دەربڕینی حاڵەتێکی دەروونیو هەڵوێستی شاعیران بەرانبەر ڕووداوی دەوروبەریان. وەك لە پەراوێزی دیوانەکەیدا ئاماژەی بۆکراوە، لەوەدەچێ بێسارانی بۆ ژنێکی جوانی حیجابداری وتبێ،

که تەنیا دیدەو برژانگی بەدەرەوە بوون، دەشکرێ مەودایەکی سۆفییانە بدرێتە ئەو ئەندامانەی لەشی ئافرەت، بەڵام ئێمە لێرەدا تۆژینەوەکەمان دیارە لەڕووی دەقئاوێزانەوەیە، بۆیە ماوای دوانمان دەربارەی ئەو لایەنە نییە،.. شیعرەکەی مەولەویش نموونەیەکی تری ئەو لاواندنەوانەن کە بۆ عەنبەرخاتوونی خێزانی وتوون، ئەمە دەکرێ بۆ لایەنی تری دەقئاوێزانیش، وەك سەرچاوەی کولتووری، لێکبدرێتەوە، بەڵام ئێمە لە سنووری پەیوەندیی تێکستی ئەدەبیداینو پەل بۆ ئەو لایەنە ناهاوین.. وشەکانی هەردوو شاعیر: "سوپای سام، یەزید، کەربەلا، شوورای عاشوورا، موحەڕەم، زادەی زیاد، حسەین،...هتد" وەك وتمان، بەمەبەستە ئاینییەکە بەکارنەهاتوون.

ئێمە لێرەدا لە پەیوەندیی دەقی (B)، لەگەڵ دەقی پێشینەی (A) دەدوێین.. لەم نموونەیەشدا مەولەوی تیشکۆی مۆتیڤەکەی بەشێوەیەکی ڕەنگنو خەملاوتر بەهۆی وێنەو ناسکبێژییەوە کردووە، ئەو ڕەنگو مەوداو وێنە شیعرییانە تەواو دەربڕی کارەساتە دڵتەزێنەکەی ژیانی شاعیرن،.. کە یەکاویەك پێناسەی (palimpsests)ی لەگەڵدا دەگونجێو ئەمە سڕینەوەو سەرلەنوێ نووسینەوەی هەمان دەق، ئەسڵەکە نییەو بەڵکو داڕشتنەوەیەکی تازەو چڕکراوەیە.. کە نموونەیەکی تری- بەلای ئێمەوە- گونجاوو شیاوی ئەم جۆرەی دەقئاوێزانی ج. جینێتن.

### ٥. Architext (کۆکەرەوەی دەق)

ج.جینێت لە بەشی پێنجەمی دابەشکردنەکەی- ئارشیتێکستدا، لەوە دەدوێ، کە ئارەزووی دامەزراندنی پۆیەتیك (هونەری شیعر، دانان)ێکی چەسپاوی وەها کە هی ئەوە بێ، لەڕووی (theme) بابەت، ژانرو مۆدەوە تەتبیق بکرێ، وەك ئەو گریمانەی دەکا پابەندی چەمکی بنەڕەتیی ئارشیتێکستە کە ناگۆڕێ یان بەلای کەمەوە (بە هێواشی دەگۆڕێ)و دەبێتە بناغەی بونیادنراوی سەرجەم سیستێمە ئەدەبییەکە، بەڵام ج.جینێت، خۆی نەیتوانیوە کێشەی ئەم گۆڕانە لەسەرخۆیەی ئەم جۆرە ئەدەبییانەو پابەندیی تێکستییان، بەشێوەیەکی کۆتایی دیاریبکات. لەم نوقتەی بەیەکگەیشتنەدا هەندێ لە ڕەخنەگران ئارەزووی ئەوەیان هەیە، کە داڕشتنەوەی کارەکانیان بەرنەوە سەر دوابونیادگەرییەکی سەختگیرانە (رادیکاڵ)، یان دەرکی چەمکی "هەڵوەشاندنەوە"ی زۆربەی نەریتەکانی بیرکردنەوەی ڕۆژئاوا... بەڵام ج.جینێت هەوڵدەدا ڕوانگەی پۆیەتیکای خۆی لەمە بپارێزێ، ئەویش بە بەرەوپێشبردنی بۆ مەیانێکی بەرزی ئەزموونو تۆژینەوە. ئەم بڕیارەشی بۆ چارەسەری ئەم کێشانە لەسەر بنەمای پێناسەیەکی سەرجەم ڕووبەرەکانی مەیدانی شیعر دەبێ لە ڕوانگەیەکی نوێوە: لەسەر بنەمای transtextuality (بەزاندنو تێپەڕاندنی دەق)، بەزاندنی دەق، تێپەڕاندنی دەقو دەقکاری... ئەمەش لاسایی، گەرداندنو پۆلێنکردنی هەموو جۆرە (discours) گوتارەکان دەگەیەنێ، لەگەڵ هەموو باسو بابەتو، مۆدیل، ژانرو کاتیگۆرییەکانی شێوەو بە کاتیگۆریاکردنی پۆیەتیکی تەقلیدی. {٢، ل١٠٠}.

هەروەها ج.جینێت زاراوەی (palimpsests) بە بونیادگەریی کراوە ناودەبات {٥، ل٨}. پۆیەتیك

لای ج.جینێت بەشێوەیەکە کە واز لە بیری سەقامگیریی مێژوویی نەخشە یان دابەشکردنی ڕەگەزەکانی ئەدەب، کە نەتوانرێ گفتوگۆی لەسەربکرێ- دێنێ، بەپێچەوانەشەوە لەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە (هەندێ کات ڕەوان و نەوەستاو یان هەرگیز نەگۆڕاون) کە ڕایەڵی تێکستەکە لەگەڵ تۆڕێکی ئارشیتێکست دەردەخەن و لەوێوە ماناکەی دێتە ناو. {٦، ل٨٣-٨٤}. گۆشەنیگای ئارشیتێکست لەم ڕووەوە، جەختکردنەوەیە لەسەر تەبییەتی کراوەی ئەم ڕوانگە شیعرییە، کەواتە ئارشیتێکست، ئیتر لە هەموو شوێنێکە- لەسەرەوە، لەژێرەوە، بەدەوری تێکستەکەدایە، کە دەبێتە هۆی چنینی تۆڕەکەی و دەبێ بە قولاپ لێرەو لەوێ بگیرێو ڕابکێشرێ بۆ ناو تۆڕی ئارشیتێکستی. {٦، ل٨٣}.

هەروەها ج.جینێت پۆلێنی ئارشیتێکست، لە چوارچێوەی بەزاندنو تێپەڕاندنی دەق (transtextuality)دا، دەکا. ئەگەر ئەدەب سیستێمێکی دابەشکردنی شێوەی وەك نۆڤێلی واقیعی، تراجیدی...هتد بێ، کەواتە ئارشیتێکستوالیتی تۆژینەوەی ئەدەبە بە زاراوەی ئەم شێوانە، دەڵێ: "هەموو ئەو شێوانەی دەق کە پەیوەندیی ئاشکرا یان شاراوەیان لەگەڵ دەقەکانی تردا هەن". {٢، ل١٠١}.

کاتێ دێینە سەر تۆژینەوەی شیعری بێسارانی و مەولەوی لە ڕوانگەی: ژانر، مۆدێل، بابەت...هتدەوە، واتە بەگوێرەی چەمکی ئارشیتێکستوالیتی، ئەوا ئەم دوو شاعیرە لیریکیان بە دیالێکتی هەورامی نووسیووە، کە زمانێکی شیعریی بەرزو باڵای هەبووە، هەروەها ڕوواڵەتێکی زۆر دەگمەنی هەیەو کەلەپوورێکی تایبەتمەندو دانسقەیە. لیریکەکەش دەچێتە خانەی کاتیگۆریا ئەدەبییەکانی ئارشیتێکستوالیتی: ژانر، مۆدیل، بابەت...هتدەوە. بەهۆی ئەمانەوە ڕایەڵەو پەیوەندی لەنێوان نموونە شیعرییەکانی بێسارانیو مەولەویدا دێنە کایە، کە دەبنە هۆی جۆرێك لە تۆڕی پێکەوە گرێدان.

ئێمە (٥) نموونەی شیعرییمان بۆ هەریەك لەم دوو شاعیرە هێناوەتەوەو با بزانین لەبەر ڕۆشنایی ئەو زاراوانەدا چ جۆرە نزیکی یان پەیوەندییەکیان دەردەکەوێ. لەڕووی ژانر- فۆرمەوە لیریکنو تەنانەت دەتوانین بڵێین جۆرە غەزەلێکی تایبەتن، کە لەڕووی کێشو قافیەو هەندێ لایەنی هونەریی ترەوە لە غەزەلی کلاسیکی- تەقلیدیی عەرەبی- فارسی جیادەبنەوە، بەڵام زۆربەی بابەتەکانی ئەم جۆرە غەزەلەیان تێدایە. لەڕووی مۆدیلیشەوە چ بەو زمانەی پێی نووسراوە، یان بەهۆی هەندێ تایبەتمەندیی هونەریی دیالێکتی هەورامییەوە، جیای دەکاتەوە لە مۆدێلە شیعرییەکانی ترو جۆرە دەگمەنیو سەربەخۆییو تایبەتمەندییەکی دەداتێ.

<u>بابەت- باس</u>

ئەگەر لەڕووی بابەتو ناوەڕۆکەوە لەم نموونانە بدوێین، کە تایبەتن بەم جۆرەی دەقئاوێزان، ئەوا لە دەوری تەوەرەیەکی زۆر گرنگی سەرجەم شیعری جیهانی کۆدەبنەوە، ئەویش: سرووشت- مرۆڤ (یان خەمو ئەندێشەی مرۆڤە).

شایانی باسە، سرووشتی هەورامان بەو جوانیو سازگارییەیەوە لە شیعری سەرجەم شاعیرانی

ناوچەکەدا بەرچاوە. تەنانەت هەندێ سیماو لایەنی هونەریی ڕێبازی ڕۆمانتیکییەتی ئەورووپایشی دەدرێتە پاڵ.

(۳) یان لەو (٥) نموونەیە، مۆتیڤی بەهارییە. هەرچەندە شیعرەکەی بێسارانی بەهارییە، بەڵام حاڵەتی دەروونیو گوزەرانی شاعیر تەماویو پڕخەمە، هەروەها ئەوەی مەولەویش بۆ لاواندنەوەی خانمێك (ئەمنەخانی کچی قادربەگ) وتراوە،.. دەبێ بوترێ، لە شیعرێکی بەهارەی تری بێسارانیدا کە لە (ل ٤٤٣ – ٤٤٤)ی دیوانەکەیدایە، هەمان کەشوهەوای خەمناك هەست پێ دەکرێ.

نموونەی شیعرە بەهارییەکان، کاتی وتنیان، دیمەنو تابلۆکانیان بە ڕەگەزەکانی سرووشتی بەهارە داڕێژراون، دیارە بۆ حاڵەتێکی نەرێنی هەڵبژێردراون، ئەویش ئەو ناکۆکییەیە کە لەنێوان وەرزی بەهارو جوانییەکەیداو خەمو ئەندێشەو دڵتەنگیی هەردوو شاعیردا هەیە. ئەوەی بێسارانی حاڵەتێکی دەروونیی نادیاری خەماوییە، بەڵام– وەك وترا– شیعرەکەی مەولەوی لاواندنەوەی خانمێکە.

لە زانستی دەروونناسیدا حاڵەتی ئەم دوو شاعیرەمان بە (إسقاط نفسي) ناودەبرێ، واتە شاعیر باری ناخی خۆی دەخاتە دەری خۆی، لێرەشدا گوێزراوەتەوە بۆ سرووشت، لەگەڵ ئەوەشدا باری ڕاستەقینەی سرووشت ئەرێنییەو پڕە لە جوانی، بەڵام مادام شاعیر دڵخۆش نییە، ئەو جوانییەی سرووشتیش لەباتی چێژ لێ وەرگرتنی دەبێتە مایەی زیادبوونی خەمو پەژارەی..

بێسارانی وەك هەواڵ شتەکان ڕیزدەکاتو سەیریشی لێ دێ دەوروبەر بەهارە کەچی ئەم خەمبارە، دوای ئەوە بە چڕی دێتە سەر خەمی خۆی.. بەڵام مەولەوی بە چەند وێنەیەك بە سەرسووڕمانەوە، هەر لە سەرەتادا ئەم ناکۆکییە دەخاتە ڕوو: ماتەمیو وەهار؟ بونیادی هەردوو نموونە شیعرییەکە لەسەر دژەتەوەرەی: جوانی × خەم، مەرگ × ژیان، سرووشتی شیرینی بەهارو ماتەمیی دڵی شاعیران– دامەزراون.

بێسارانی دەڵێ:

١- نەووەهار خەمین... عەجەب نەووەهار دڵگیری خەمین
٢- هۆرمەگیرۆ بە دیدەی نەمین مەدارۆ بە تاو وە ڕووی سەر زەمین
٣- شەتاوان چون مار پێچ مەدان وە هەم نە پای بە فراوان پێشان مەبۆ جەم
٤- سەرکووان تەمین، دەشتان گرد زەڕگوون بولبول مژنەو ۆ سازی ئەرغەنوون
٥- جە مەعدەنی خار گوڵ بەرماوەرۆ هەریەك بە ڕەنگێ پەیدا مەکەرۆ
...
٨– ئەوسا کەم مەبۆ شەوقی شۆڵەی گوڵ وێنەی دەردەدار لەت لەت مەبۆ دڵ

(بێسارانی، ل ٤٤١ – ٤٤٢)

هەروەها مەولەوی دەڵێ:

١- ماتەمیو وەهار؟ بێ شەوقیو نەوگوڵ؟ مەلوولیو گوڵزار؟ بێ ذەوقی و بوڵبوڵ؟
٢- صوب بۆی وەش نەسیم چون هەردەجاران نمەدۆ نە کاخ دەروونی یاران

٣- داخۆ نەی سەروەخت فەصلی وەهاردا          کام تەم نەسەر هەرد قەزا دیاردا
٤- صەدای (های دیبای خەمان) هەرزانەن          صەلأی واوەیلای بادام تەرزانەن
٥- مەر گوڵشەن حوسن شای گوڵ ئەندامان          جە وەیشوومەی مەرگ خەزانش ئامان
٦- ئەو باڵای ئاڵای تەرز سەهی سەرو          پێوە هێڵانەی دڵان چون تەزەرو
٧- کنیاو خەمیاوە وە دەم ڕێشەوە          تەزەرو ئاسا نیشت وە سای وێشەوە
٨- تای بەڕەزای شەنگ عەنبەربۆی شەوڕەنگ          پەخش بی نەڕووی تاش ئەڵحەدسەرای سەنگ

(مەولەوی، ل ٣٨٣ – ٣٨٤)

لەدوای ڕانانی ئەم نموونەیەی هەریەك لە شاعیران: بێسارانیو مەولەوی، دەگەینە ئەو ئەنجامەی لە هەموو لایەنو ڕەگەزەکانی بونیادەوە، هەروەها چ لەڕووی: ژانر، بابەت، مۆدیلو چ لەڕووی داڕشتنی وێنەوە، ڕایەڵی پەیوەندیو لێك نزیکی لە شیعرەکاندا هەن، کە دەچنە چوارچێوەی ئارشیتێکستوالیتییەوە.

لە دوو شیعری تری ئەم دوو شاعیرەدا: {بێسارانی، پیتی (و)، غەزەلی (٤)، ل٤٤٩-٤٥٠} و {مەولەوی، پیتی (ش)، غەزەلی (٧)، ل٣١٧-٣١٨}دا، گوڵی وەنەوشە وەك مۆتیڤ- بابەتێك هەردوو شاعیر کۆدەکاتەوە، بەڵام هەریەکەیان بە شێوازی خۆی مامەڵەی لەگەڵ "وەنەوشە"دا کردووە. هەرچەندە دیسانەوە سرووشتی زێدی شاعیران و تایبەتمەندییەکانی بوونەتە ڕایەڵو ڕەگەزی بونیادو بەستنەوەی شیعری هەردوو شاعیر لەم بابەتەدا، بەڵام کەسیان دنیای خۆیان لەدەست نەداوەو شێوازی خۆیان پاراستووە، بێسارانی دەڵێ:

١- وەنەوشێوە هەن جە وەڵ وەهاران          بەرمەیۆ نە پای، چەتری چناران
٢- بەنیم خاو و نەرم، خام خام خەرامان          مەبۆ بە بووم دۆز، فەرشی نەمامان
٣- وەنەوشەی وەش وەخت، خاویار، خەونەرم          سادار، سەرنەوەر، وەستی ناز، شەرم
٤- باد بۆش ماوەرۆ، وەسەر زەمین دا          بۆ مازۆ وە بان، بۆی موشك چین دا
٥- شێوەی وەنەوشە، ها بەو خاڵەوە          بەو گۆنای گوڵ ڕەنگ، بومی لاڵەوە

(بێسارانی، ل ٤٤٩)

بێسارانی تیشکۆی لادیمەنەکانی وەنەوشە دەکاتو دوای چەند وێنەیەك چڕیدەکاتەوە، لەوەدا کە "وەنەوشە" دەچووێنێ بە جوانیی "خاڵ"ی یار، شاعیر وەك تایبەتمەندییەکی ستایلی شیعری خۆی بەهەمان شێوە، وای لە گوڵی "نێرگز" کردووە کە بە چاوی یاری دەچوێنێ.*

---

* سێبەرو ڕەنگدانەوەی ئەم شیعرەی بێسارانی لای گۆران لە شیعری "نەورۆزی ٦١"دا بەدیدەکرێ، ئەمە هەر بیرخستنەوەو ئاماژەیەکە، چونکە ڕاستەوخۆ ناچێتە جوغزی تۆژینەوەکەی ئێمەوە، گۆران دەڵێ:

وەنەوشەی بن دڕك خزاو
چاوی ڕەشی کردەوە، دی،
نێرگسەجاڕ بە هەزار چاو
پێ ئەکەنێ: زەردو سپی!
نێرگسی بەرهەتاوی گەرم

هۆی نووسینی هەردوو شیعرەکەی بێسارانی دەربڕینی خەمو پەژارەی دەروونیی ناخی خۆیەتی، بەڵام لای مەولەوی بۆ دوو بۆنەو لە دوو حاڵەتی جیاوازدا نووسراون: لە یەکەمیاندا مەرگی خانمێکە، کە خوشکی شیریی شاعیر بووە، دووەمیان: نامەیەکی شێخی زیائەدینو ناردنی چەپکێ وەنەوشەیە بۆ شاعیر. شیعرەکانی بێسارانی هەر لە جوغزی ژیانو ئەندێشەیدا دەمێننەوە، بەڵام مەولەوی پەلوپۆی میتافیزیکی- سۆفییانەیان لێ دەکاتەوە.

بێسارانی لە "وەنەوشە" تابلۆیەکی ئەلیگۆری دروستکردووەو هەموو جوانیو شیرینیی نازدارێکی خستۆتە پاڵ وەنەوشە، کە کارامەییو وەستایەتیی هونەریو ئاستێکی بەرزی ئاسکبێژیو وێنەی ناوازەی داوە بە شیعرەکە.

دەتوانین هەر بۆ نموونەی ئەم جۆرەی دەقئاوێزان ئاماژە بە شیعری تری هەردوو شاعیر بکەین، کە هەمان تایبەتمەندیو سیماو ڕەگەزی هونەرییان تێدایە، هەر بۆ نموونە، لای بێسارانی: {پیتی (و)، غەزەلی (٦)، ل٤٥٠-٤٥١}، لای مەولەوی: {پیتی (و)، غەزەلی (٨)، ل٤٧٢-٤٧٣}. دوای هێنانەوەی نموونە شیعرییەکان، لێیان دەدوێین، بێسارانی دەڵێ:

١- وەهار نمانا... | وەهار ڕەنگ سەوز، زەرگون نمانا
٢- بوڵبوڵان نەغمەی رزگاری وانا | عاشقان جە چەم، هووناوان شانا
٣- واراوە ڕێزەی هووناو وە زمین | پۆلی نازداران جەلادا جەمین
٤- وەفراوان هۆردا، شەتاوان ماڵا | وەفر لانسار بەردەن وە باڵا
٥- سەیلات هۆڕێزا، شەتاوان جۆشا | عەرصەی سەرزەمین بەرگ سەوز پۆشا
٦- داران ڕەنگ سەوز پەیدا کەردەوە | ڕەنگی سیای تار، جەوێ بەردەوە
٧- سەنگەرچەی گوڵان، جە نەو پەیدابی | عاشقان بێ هۆش بەتەر شەیدابی
٨- ئەوەڵ وەنەوشە جە خاک هۆرداسەر | بۆی عەنبەر مەدۆ، چون زوڵف دوڵبەر
٩- نەورۆز گوڵ کەریاش تاسەی سەراوان | بەڕەزا نە پای ڕێزەی وەفراوان
١٠- چنوور کۆنەزێد لەیلاخان کەردمەیل | تۆق تۆق جەم بەستەن، وێنەی زوڵف لەیل

(بێسارانی، ل ٤٥٠ – ٤٥١)

مەولەویش دەڵێ:

١- وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن | هاژەی وەفراوەن، شاخەی شەتاوەن
٢- ساقی یەن، بادەن، نەسیمەن، بادەن | بوڵبوڵ جە دەوری گوڵان ئازادەن
٣- بەزمەن، شادی یەن، عەیشەن، نیشاطەن | کەیفەن، شۆخی یەن، شەوقەن، حەیاتەن

---

مژدەی پێ بوو بۆ وەنەوشە،

...........

(گۆران، ل ٣١٧)

٤- سەنگەن، کۆسارەن، سەرکۆوەن، هەردەن خەمەن، مەینەتەن، زووخاوەن، دەردەن
٥- هیجرەن، دووری یەن، عیجزەن، فیراقەن واوەیلاو شینەن، نالەی عشاقەن
٦- سەبزەن، سۆسەنەن، نەورۆز گولانەن کەمەرەن، هەردەن، ملەن، کەلانەن
٧- صەرعی یەن، شەیدان، نەجدەن، مەجنوونەن مەزاقەن، جامەن، پیالەی هوونەن

(مەولەوی، ل ٤٧٢ – ٤٧٣)

نزیکەی لە (٩٠٪)ی وشەو وێنەی شیعری، کێشی سیللابیی (٥ پەنجەیی)و جووت سەروای هەردوو نموونەکە وەك یەك وان. بەڵام مەولەوی بە وشەو تەعبیری کورت کورت ئاوازەو مۆسیقایەکی پڕجۆش‌و خرۆشی داوە بە شیعرەکە، دەڵێی بۆ سەماو شایی وتراوەو لەگەڵ ئەو جوانی‌و شادییەی وەرزی بەهارەکەدا پڕاوپڕ دێتەوەو لێوان لێوە لە جوانیی هونەری.. بێسارانی ئارامتر وێنەکانی کێشاوە، هەرچەندە ئەمیش جاروبار ئیست‌و هەڵوەستەی لە ڕیتمی شیعرەکەدا کردووە، بۆنموونە:

٤- وەفراوان هۆردا، شەتاوان مالا...
٥- سەیلات هۆڕێزا، شەتاوان جۆشا... (بێسارانی، ل ٤٥١)

بەڵام مەولەوی سەرتاپای شیعرەکەی بە دەربڕینی کورت‌و پڕئاوازە ڕازاندوەتەوەو شیعرەکەی جوان نەخشاندووە، تەنانەت لە کێشە (سیللابییەکەشدا) داهێنانی کردووە، سیللابەکانی بەشێوەی جیا دابەشکردووەو ئیستی تێدا درووستکردوون، بۆ نموونە:

١- وە/ها/ڕەن ، سەو/زەن/
٣ سیلاب ٢ سیلاب ... هتد

هەرچەندە، وەك وترا، لێکچوون‌و لێك نزیکییەکی بەرچاو لەم نموونەیەی شیعری ئەم دوو شاعیرەدا هەن، بەڵام هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی لەدەست نەداوەو دەتوانین وەك دوو دەنگی سەربەخۆی شیعری لێکیان جیابکەینەوە، ئەمەش چەمکێکی تری دەقئاوێزان- دۆزینەوەی دەنگی تایبەت لەناو دەنگەکاندایە.

سنووردارێی تۆژینەوەکە نەبووایە، دەکرا نموونەی زیاتر بە شیکارییەوە بخەینە بەرچاو، کە دەچنە چوارچێوەی ئارشیتێکستوالیتییەوە، هەر بۆ نموونە بڕوانە ئەم لاپەڕانەی دیوانی هەردوو شاعیر:

بێسارانی، ل٤٤٧-٤٤٨، ٤٨٠-٤٨١ ... هتد
مەولەوی، ل٦٥-٦٨، ٢٠-٢٧، ... هتد

## ئەنجام

ئینتەرتێکستوالیتی (دەقئاوێزان) ڕۆژ بە ڕۆژ وەك تیۆرییەکی ئەدەبی‌و میتۆدێکی تۆژینەوە لە گەشەسەندندایەو برەو پەیدا دەکاو دەخەملێ. لە هەندێ تۆژینەوەی تردا هێڵە گشتییەکانی دەقئاویزانمان خستۆتە گەڕو بەکارهێناوە. ج.جینێتی فەرەنسایی لەنێو ئەو زانایانەدا کە لەم میتۆدە دواون دەورێکی دیاری هەیەو جۆرەکانی دەقئاوێزانی کردووە بە پێنج بەشەوەو کارەکانی سەرنجی توێژەرانیان بەشێوەیەکی بەرچاو بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە. ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا دابەشکردنەکەی ئەومان بەکارهێناوە، کە بە: ئینتەرتێکستوالیتی (دەقئاوێزان بەمانایەکی سنووردار)، پاراتێکستوالیتی (پێداویستییەکانی دەق)، میتاتێکستوالیتی (شرۆڤەی دەق)، هیپەرتێکستوالیتی (لاساییکردنەوەی دەق)، ئارشیتێکستوالیتی (کۆکەرەوەی دەق) ناویان دەبات‌و ئەرکەکانیان دیاریدەکات. شایانی باسە، ج.جینێت خۆشی ئەم دابەشکردنەی بە بڕاوەو چەسپاو نازانێ. هەر خودی میتۆدی ئەدەبی بەشێوەیەکی گشتی‌و بەهەموو وردەکارییەکەوە ناکرێ بە چەمکێکی وای دابنێین کە نەتوانرێ دەمەتەقێی لەسەر بکرێ‌و بۆچوونەکانی نەخرێنە بەر پرسیارو ڕای جیاواز دەربارەیان نەبێ.

بۆ کەرەسەی ئەنجامدانی تۆژینەوەکەمان بە میتۆدەکەی ج.جینێت نموونەی شیعریمان لە بەرهەمی دوو شاعیری دیالێکتی هەورامی: بێسارانی (١٦٤١-١٧٠٢) و مەولەوی (١٨٠٦-١٨٨٢) هەڵبژاردووە، کە (٢٧) نموونەی شیعریین لە بەرهەمی هەریەکەو لەم دوو شاعیرە. بێگومان بێسارانی بەگوێرەی بەدوا یەکدا هاتنی بەرهەم "پێشینە"و مەولەوی "دوایینە"یەو گەلێك ڕایەڵی پەیوەندیی ئەدەبیی (شیعری) لەنێوانیاندا هەن.

بۆ جۆری یەکەم- (دەقئاوێزان بەمانایەکی سنووردار)، (٧) جووتە نموونەمان هێناوەتەوە، کە مەولەوی لە هەندێ شیعری خۆیدا ئاماژەی بەوانەی بێسارانی کردووەو لە شێوەی "تێهەڵکێش" یان "ئاماژە" دان.

جۆری دووەم- کە پاراتێکستوالیتی (پێداویستییەکانی دەق)ە، (٥) جووتە نموونەمان هێناوەتەوە. ئەمەیان دەربارەی: ناونیشان، نێوان ناونیشان، ژێرناونیشان، پێشەکی‌و پاشەکییە لە پەیوەندیی نێوان دەقی ئەدەبیدا. لەم ڕوانگەیەوە شیکاری‌و تەتەڵەی نموونەکانمان کردووەو ڕایەڵی بەیەکەوە پەیوەستیانمان دەرخستووە.

جۆری سێیەمی دابەشکردنەکە- میتاتێکستوالیتییە، (شرۆڤەی دەق)ە، کە پەراوێزو شرۆڤەکردن‌و ناوەرۆکێکی ڕەخنەگرانەی تێکستەکەیە. ئێمە (٤) نموونەی شیعرییمان کردووە بە بنەمای شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرەیان‌و زیاتر هەوڵماندواە کە ئەو شیعرانە دەست نیشان بکەین، کە شاعیری "دوایینە" نە ڕاستەوخۆو نە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی شیعری "پێشینە"کەی نەکردووە، بەڵام بابەت‌و لایەنە هونەری‌و ئیستێتیکییەکانی شیعرەکەی، بەرهەمەکەی دەبەنەوە سەر شاعیری پێش خۆی، دووریش نییە ئەم پرۆسەیە شاعیر بێئاگا ئەنجامی دابێ‌و بەمەبەست‌و

ئەنقەست نەبووبێ، بەڵام گومان لەوەدا نییە، کە کەلەپووری هاوبەش هەمیشە ڕایەڵ لەنێوان بەرهەمی شاعیراندا دێنێتە ئارا.
جۆری چوارەمی ئەم دابەشکردنە- هیپەرتێکستوالیتی (لاساییکردنەوەی دەق)ە، کە پەیوەندیی تێکستی B "hypertext" و گەڕانەوەی بۆ تێکستی A "hypotext" دەردەخات و لە شرۆڤەو پەراوێز بۆکردن جیاوازە. (٦) جووتە نموونەی شیعرییمان بۆ کەرەسەی تەتبیقکردنی ئەم جۆرەیان هێناوەتەوە. ئەمەو جۆری یەکەمیان لەڕاستیدا بۆ شیعری بێسارانیو مەولەوی- بەلای ئێمەوە- لەوانی تر گونجاوترن. هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لێکۆڵینەوەکەمان نموونەی شیاو و لەباری بۆ سێ جۆرەکەی تریش دەست نەکەوتووەو پراکتیزەی نەکردوون.
جۆری پێنجەم- ئارشیتێکستوالیتی (کۆکەرەوەی دەق)، کە شێوەی پوختی کاتیگۆریای گشتی یان بەها بەرزەکان، جۆری گوتە (دیسکۆرس)، نموونەی (مۆدە)ی بەڕوونی دەربڕینی ژانرە ئەدەبییەکانە، کە بە بۆچوونی ج.جینێت تێکستی تاك لەمانەوە سەرهەڵدەدا. مەبەست لە کاتیگۆریای وەك نۆڤێلی واقیعی، تراجیدی، لیریك...هتد کەواتەو بەم پێیە ئارشیتێکستوالیتی تۆژینەوەی ئەدەبە بە زاراوەی ئەو کاتیگۆریا فەرمییانە...
بۆ ئەم جۆرەشیان (٥) نموونەی شیعرییمان لە هەریەکەو لە شاعیران هەڵبژاردووە، کە بەشێوەیەکی پراکتیکی چەمکەکەمان پێ ڕوونکردوونەتەوەو ئەنجامیشیان بەدەست هێناوە.

لە کۆتاییدا دەمانەوێ ئەوە بڵێین، ئاسان نییە، میتۆدێکی ئاوەها کە لەگەڵ بایەخو گرنگیشیدا هێشتا شێوازی تەواو چەسپاوی خۆی وەرنەگرتووە، لە شیعری کوردیدا بەکاربهێنرێ، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەمە دەوڵەمەندیو بەپێزیی شیعری کوردی دەردەخا کە لەگەڵ ڕابووردنی ئەو ڕۆژگارە درێژەشدا بەسەر بەرهەمی بێسارانیو مەولەویدا، کەچی گونجاون بە هاوچەرخترین میتۆدی سەردەم لە شیعرەکانیان بکۆڵرێتەوەو ئەنجامیش بەدەست بهێنرێو تۆژینەوەکەش ڕاستیی ئەم بۆچوونە دەردەخا.
کەواتە دەکرێ ئەم دابەشکردنەی ج.جینێت لەگەڵ کەلەپووری زانایانی هاوچەرخو پێش خۆی بخرێنە کارو تۆژینەوەی زانستیی گونجاویان لە ئەدەبی کوردیدا پێ بهێنرێتە بەرهەمو بەمەش لە ئەدەبناسیی کوردیدا ڕێبازی جۆراوجۆری تۆژینەوەی ئەدەبی بخەملێنو ئەدەبی کوردییش هەنگاوی گورج وگۆڵو باش لەم ڕووەوە بنێو بگاتە ئاستی ئەدەبناسیی سەردەم.

## سەرچاوەکان


1. Abrams, M.H. (1993). A Glossary of Literary Terms, Fort Worth Tx.
2. Allen, Graham (2000). Intertextuality, London and New York.
3. Baldic, Chris (1990). The Concise Oxford Dictionary of Literary Terms, Oxford University Press, Oxford and New York.
4. Bloom, Harold (1997). The Anxitey of Influence: a theory of

poetry, New York and Oxford University Press, Oxford.
5. Genette. (Gérard), (1997 a). Palimpsests: literature in the second degree, Channa Newman and Claude Doubinsky (trans.), University of Nebraske Press, Lincoln NE and London.
6. ----- (1992) The Architext: an introduction, Jane E. Lewin (trans.), University of California Press, Berekly CA and Oxford.
7. Worton, Michail and Judith Still (eds) (1990). Intertextuality: theories and practices, Manchester University Press, Manchester and New York.

8. Espmark. K. (1993) Dikt i Dialog. Stockholm.
9. Olsson. A. (2000) Intertextualitet, Comparation och Reception, en inleadning. Literaturevetenskap. Staffan Bersten (red), Lund (Sweden).

١٠. بهاء الدين خرم شاهى (١٣٨٥): حافظ نامه – شرح الفاظ، اعلام، مفاهيم كليدىو ابيات دشوار حافظ، بخش دوم، تهران، غزل ١٣٣.
١١. د. حسن أنورى (١٣٨٢)، فرهنگ فشردهٔ سخن، ٢، تهران.
١٢. لويس معلوف (١٩٧٣)، المنجد في اللغة (الطبعة الخامسة والثلاثون)، بيروت.
١٣. بێسارانی (١٣٧٥)، دیوانی بێسارانی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی حەکیمی مەلا صالح، پێداچوونەوەی حسین سبحانی (چاپی یەکەم)، سنە.
١٤. گۆران (٢٠٠٤)، دیوانی گۆران، کۆکردنەوەو ئامادەکردنو پێشەکیو پەراوێز بۆنووسینی محەمەدی مەلا کەریم، (چاپی سێیەم)، سلێمانی.
١٥. مەولەوی (١٩٦١)، دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لەسەرنووسینی مەلا عەبدولکەریمی مدرس، بەغداد.

## ملخص البحث

لقد حاول الكثير من الباحثين القيام بتطوير منهج التناص وتصنيفاته، ومما لاشك فيه أن طروحات العالم والمفكر الروسي ميخائيل باختين كان لها الدور الفعال في بلورة هذه الفكرة، حيث صاغت العالمة الفرنسية يوليا كريستيفا منها منهجاً علمياً تزداد أهميته بأستمرار في الدراسات الأدبية.

كما و قام الباحث والعالم الفرنسي جيرارد جينيت بتصنيف التناص إلى خمسة أنواع. يُفضّلُ هذا العالم مصطلح transtextuality "تجاوز النص"، على ما هو متداول الآن، أي intertextuality "التناص"، بأعتبار الأول يتناسب أكثر مع المفهوم الشامل للمنهج.

يسَّمى ج.جينيت النوع الأول من تصنيفه ماهو شائع وعام أى intertextuality "التناص" ويُعطيه بعداً محدوداً تندرج تحته فنون شعرية كالتضمين، التلميح والسرقة الأدبية...الخ أما النوع الثاني عنده فهو paratextuality "لوازم النص" أى ما يتعلَقُ به كالعنوان، العنوان الوسطي، الفرعي، المقدمة

والخاتمة..التي تساعد على تفسير وتأويل النص وفهمه. والنوع الثالث هو metatextuality "شرح النص" ويتركز هذا النوع على العلاقة النقدية مع مادة النص...وإن الرابع من تصنيفه هو: hypertextuality "محاكاة النص" أى علاقة النص B بنص أقدم منه A. أما النوع الأخير فهو Architextuality "جامع النص" الذي يُعتبرُ أكثرهم تجريداً، مثل الرواية، المقالات، الشعر...إلخ.

ومن الجدير بالذكر إن فكرة Palimpsests "الطروس" في منهج ج.جينيت ذو أهمية بالغة وأكثر هيمنة فيه، وتعني هذه الكلمة: "الرّق الممسوح" أو اللوح الذي كتب عليه مرة ثانية بعد مسح الكتابة الأولى، ولكنها ليست إعادة حرفية للكتابة الأصلية بل صياغة مبدعة لها.

وطبّقنا نحن هذا المنهج على (٢٧) نص شعري باللهجة الگورانية (الهورامية) لكل من الشاعرين المعروفين بيسارانى (١٦٤١-١٧٠٢) و مولوى التاوجوزى (١٨٠٦-١٨٨٢). وتوّصلنا، بعد دراسة هذه النماذج الشعرية حسب المنهج المذكور أعلاه، إلى إستنتاجات تُبين وجود روابط و وشائج فكرية وفنية مختلفة: واضحة وغامضة- بين نتاجات الشاعرين، ولا يعني هذا مطلقاً عدم وجود الخصوصية والروح الأبداعية لدى كل منهما.

## Abstract

Intertextuality is increasingly assimilated into literary theory. In the works of J. Kristeva, H. Bloom, R. Barth, G. Genette the term is employed to draw limits around the relations between text and the field of critical enquiry and interpretation.

Kristeva coins the term intertextuality, but in doing so she introduces a well known literary theorist like M. Bakhtin. Intertextuality and the work of Bakhtin are not separable, and in understanding the former we clearly must understand some things of the letter.

Reading Kristeva's notion of intertextuality as referring to the literal and effective presence in a text of another text, G. Genette argues that intertextuality is an inadequate term and proposes in its place transtextuality (or textual transcendence) by which he means every thing be it explicit or latent, that links one text to another – which is how we actually understand and use the term intertextuality.

As sub-catigories of transtextuality, he posits not only architextuality and Kristevan intertextuality, but also metatextuality or the relationship between a commentary and its object. Paratextuality, the imitative or transformatory relationships that pertain between pastiches or parodies which forms the focus of attention of palimpsests itself, namely hypertextuality. This phenomenon, according to Genette, involves: any relationship uniting a text B (hypertext) to an earlier text (hypotext) that termed by the most critics the inter-text. Inter-text is a text which can be definitely located as a major source of signification for a text.

This study is about lyrical poems of two Kurdish poets: Besarani (1641-1720) and Abdurrahim Mawlawi (1806-1882) by following the method and classifications of Gérard Genette: his sub-catigories of transtextuality. The author of the study tried to show the explicit and hidden lines between (Besarani and A. Mawlawi)'s texts and the poetic worlds of each poet.